گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دینامیکیەتی جەستە و جووڵەی ئەکتەر لە نمایشی شانۆییدا

**جوان بهاءالدین محمدرووف**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Jwanbahadin7@gmail.com

**پ.ی.د.کیفی احمد عبدالقادر**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆ کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان عیراق
Kaify.ahmad@koyauniversity.org

## زانیارییەکانی توێژینەوە

**بەواری توێژینەوە**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٢/٧
پەسەندنکردن: ٢٠٢٢/٧/٢٦
بڵاوکردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**وشە سەرەکییەکان**
*Dynamic, Gestus, Biomechanic, Etude, Training*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.5

## پوختە

جەستەی ئەکتەر تایبەتمەندییەکی میکانیکی و سیستەمیکی دینامیکی ئاڵۆزی هەیە، هەر بەشێک لە بەشەکانی جەستەی ئەکتەریش ڕێ بە هەندێک جووڵەی تایبەت دەدات, کە لەگەڵ ئەو جومگەیەی جووڵەکەی تێدا دەکرێت ڕێکدێتەوە، ئیدی بۆ ئەوەی جووڵە ئەداییەکانی ئەکتەر بگەیێندرێنە ئاستیکی وشیاریی ئەوتۆ، دەبێت ئەوە بزانین, کە جەستەی ئەکتەر پشت بە یاسا میکانیکییەکان دەبەستێت، بۆیە دەبێت لە پیادەکردنی هەر جووڵەیەکدا, لە جەستەی خۆیی بکۆڵێتەوە، تا بتوانێت هەماهەنگییەکی تەواو و هاوگونجاوییەکی دروست دەستەبەربکات، بۆ گەیشتن بە دینامیکیەتی جەستە، کە دەبێت لە هەموو بەشەکانی جەستەدا هەبێت، لە پیادەکردنی هەر جووڵەیەکیشدا، واتا لەسەرەتا و کۆتایی هەر ئەرکێک بە ڕوونی دەربخرێن، هەموو ئەو کارانەش بە پشتبەستن بە کۆمەڵە ئیتودێکی داهێنراوی بیومیکانیکی میرهولد، دەستەبەر دەکرێن، لەڕێی بەهێزکردنی توانا ماسوولکەییەکان و زاڵبون بەسەریاندا، کە بۆ باڵاکردنی لێوەشاوەییەکەی، پشت بە خۆشهاتنی جووڵە و هاوئاهەنگی دەبەستیت، ئەو کارەش بۆ ئەوەیە, کە بنەمای هەمووليهاتووييە بنچینەییەکانی ئەکتەر زیاتر چەسپاوبن، ئەکتەریش بتوانێ بەدەم هاتنی هەموو ئەو جووڵە شانۆییانە بێت، بە نەرم و نیانی دەستەبەری بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە

## یەکەم: گرفتی توێژینەوە:

گومان لەوە دانییە, مرۆڤ وەک بونەوەرێکی زیندووە، یەک لە خەسڵەتە بەراییەکانی ژیانی جووڵەیە، هەر لە لەدایکبوونییەوە هەوڵدەدات ئەندامەکانی جەستەی بەکاربهێنێت و وردەوردەش لەگەڵ زیادبوونی تەمەن و گەشەی جەستەی و، بەگوێرەی پێویستییەکانی گەشە بە توانا جووڵەییەکانی دەدات و، شارەزابوونیش لە جەستەی خۆی لەکاتی جووڵەپێکردندا بەهەمان شێوە ئەکتەریش وەک جەستەیەکی زیندووە، لەگەڵ ئەوەی تاکە ئامرازە, کە دەتوانیت هەموو ئەو ڕووداوانەی ناو دەقە شانۆییەکان بجوولێنێت، بەڵام کاری ئەو جەستە زیندووە بەتەنها جووڵانەوەی جەستەیی نییە، بەڵکو دەبێت کەرەستەی دیکەی خۆی ڕێکبخات کە جەستەیەتی، لێرەدا مەبەستی سەرەکیمان ئەوەیە، ئەکتەر چۆن بتوانێت کەرەستەکەی( جەستە و جووڵە و ئاماژەکان) بە شێوەیەکی دینامیکیانە ڕێکبخات، کە بە هاوئاهەنگی بەشداری بە بچوکترین ئەندامی جەستەی بکات.

ئەگەر سەیرێکی ڕێبەرانی شانۆ بکەین، دەزانین چەندە گرنگییان بە چەمکی جەستە و جووڵە داوە، کاریان لەسەر چەندین جۆری شێواز و میتودی نواندن کردووە، سەرەڕایی بوونی ئەو میتودانە، هاوکات لە ئێستادا بەشێک لە ئەکتەران بەگوێرەی پێویست کاریان لەسەر جەستەییان نەکردوە، جەستەیان جۆرێک لە سستی و خامۆشی پێوە دیارە، لەکاتی جووڵەکردندا ناتوانن جەستە و جووڵەیان بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ. یەکبخەن، هاوکات ڕاهێنانکردن لەسەر بنەمای میتود بە گرنگ نەزانراوە، چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەشێکی هەرە گرنگی دەرهێنەرە، دواتریش ئەکتەر، بۆیە پێویستە دەستنیشانی خاڵە لاوازەکان بکرێت و تیشک بخرێتە سەر کاری ئەکتەر و چۆنیەتیی بەکارهێنانی جەستەی، چونکە بەداخەوە هەندێک ئەکتەران لەسەر تەختەی شانۆ دەبینین کە ناتوانن جەستەییان بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ، کە سەرجەم ئەندامەکانی جەستەییان لە هەر جووڵەیەکدا بە کاربخەن، کە ئەمەش، ئەو گرفت و کەموکوڕیانەن لە کاری نواندندا وای لێکردین ئەو پرسیارەی خوارەوە لە خۆمان بکەین، کە( ئایا ئەکتەر چۆن بتوانێت دینامیکیەتی جەستەی لە هەر جووڵەیکدا بخاتەکار لە نمایشی شانۆدا ؟)هەر ئەو پرسیارەش دەبێتە دەروازە و بنەمای ئەم توێژینەوەیەمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم: گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەو توێژینەوە لەوەدایە، کە تیشک دەخاتە سەر بابەتێک بۆ توێژی ئەکتەران، لەهەمان کاتدا بۆ دەرهێنەرانیش گرنگە. ئەویش دینامیکیەتی جەستەیە. لەگەڵ پەیوەندی ئەو دینامیکیەتە بە جووڵەی ئەکتەرەوە لە نمایشی شانۆدا. وەک چۆن دەبێتە هاریکارێک بۆ توێژەرانی ئەو بوارە و، سوودی بۆ قوتابیانی کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەریش دەبێت، بەتایبەت قوتابیانی بەشی شانۆ، سەرباری ئەوانە سوودی بۆ هەموو ئەو کەسانەی گرنگی بەو بوارە دەدەن دەبێت.

## سییەم: ئامانجی توێژینەوە:

لێرە لەم تۆێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر ناوەرۆکی دینامیکیەتیی جەستە و، ئەوەی لە دووتوێدایە، هەروەها چۆنیەتیی کارکردنی دینامیکیەتیی جەستە لەسەر جووڵەی ئەکتەر لە نمایشی شانۆییدا.

چوارەم: سنووری توێژینەوە:

سنووری بابەتی: دینامیکیەتی جەستە و جووڵەی ئەکتەر لە نمایشی شانۆییدا.

## پێنجەم: دیاریکردنی زاراوەکان:

-دینامیک (dynamic):

پێناسەی زمانەوانی:" لەرووی زمانەوە لە فەرهەنگە کوردییەکان بەمانای" هێز، چالاک، چوست و چالاکی دەدات ".(قەرەداغی، 2012، 308)" بزۆز، جووڵەر، کارامە، بە توانا، دینامیک" (شەریفی،132،2007) ئالێرەدا جەستە، ئەگەر نەجووڵێت، نە کارایە و نە چوستە و نە چالاکە، چونکە ئەو وەسفانە دەدرێنە پاڵ جەستەیەکی پڕ لە وزە." مەبەست لێی کاریگەریی نائاساییە، واتە چالاکی و چاپووکی" (مسعود،1992 ،601).

پێناسەی شانۆیی: دینامیک لە زمانی لاتینیدا ئاماژە بە" لێکۆڵینەوەی جووڵە ناوەکییەکانی جەستە و دیاردەکان لەگەڵ پەیوەندییان بەو هێزەی پاڵنەریەتی دەکات... هەندێك توخم و بنەماش هەن, دەکرێت بۆ مەبەستی چالاککردن و بەگەڕخستنی دینامیکیەتی جەستەی ئەکتەر بەکاربهێنرێن، وەک: کێشی جەستە و هاوسەنگی و...هتد, دەشتوانرێ لەرێی چالاککردن و بەگەڕخستنی کرداری هاوسەنگیی ناجێگیر، واتە لەرێی ئەو بنکەیەی جەستەی لەسەر وەستاوە چالاکی دروستبکرێت و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماسوولکەکانی جەستە یان بارستایی کرژببنەوە. لە گواستنەوەی نێوان هاوسەنگیی جێگیر و ناجێگیریشدا جۆرە کرژبوونێکی ماسوولکەیی و بەگەڕخستنی چالاکی جەستە پەیدادەبێت".(بەیاتلی،2013،124-125). لەمیانەی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا, توێژەر دەگات بەم پێناسەیە " دینامیکای جەستە" لە باری کرداریدا: واتا جەستەیەکی هاوئاهەنگ، کە هەموو ئەندامەکانی پێکەوە لە کارێکدا کە ئەکتەر دەیانکات کاردەکات، هەر بۆیە مییرهوڵد وەسفی هاوئاهەنگی بەو مانایەی هەموو ئەندامەکانی جەستەی ئەکتەر تێدا بەشدارە دەکات، بەواتای دەستێک، پێیەک، بەتەنیا بڕۆیەک ناجوولێت، بەڵکو هەموو ئەندامەکانی جەستە تێدا بەشدارە، دەڵێت: گەر ئەکتەرێک ئیش لەسەر لوتی بکات، ئەوە بێگومان بە هەمان شێوە ئیش لە هەموو جەستەی دەکات.کەواتە جەستە لە گچکەترین ئەندامیدا بەشدارە.( جاف،2003،111) بەو مانایەی ئەگەر سەری لووتت خورا، دەبێت هەموو جەستە بۆی بێتە جووڵە، هەموو جەستەی کاردانەوەی هەبێت، بەڵام تەواو هاوئاهەنگی هەموو ئەندامانی جەستە، گوزارە لە دینامیکیەتی جەستە دەکات.

-جووڵە ( Gestus ):

پێناسەی زمانەوانی: چاوگی( جووڵاندن)ە، جووڵە و ڕاوەستان: هەر کار و کردارێک : چالاک، خێرا، سووکەڵە. وەستانی جووڵە: ڕاوەستان، خولانەوە یان لە شوێنێک بچێتە شوێنێکی دیکە، ئاماژە، سووسەکردن - دەربڕینی جووڵەیی، لێزانی و لێوەشاوەیی، جووڵەی ئەکرۆباتیکی)( عمر،2008،480) مانا زمانەوانییەکانی جووڵە جۆرەکانی جووڵە و ئاستەکانیشی دەگرێتەوە و، لە زۆربەشیاندا لەگەڵ جووڵەی ئەکتەردا ڕێکدێتەوە.

-پێناسەی شانۆیی: جووڵە لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە( مەبەستی دۆخی جەستە و جووڵەی پەلەکانییەتی بە دەربڕینی چەمکێکی دیاریکراوی جووڵەی شانۆ دادەنرێت)(الیاس،حسن،1997،-169 168)، سووسە و ئاماژەیەکی لەخۆگرتووە، واتای ئاماژەکردن- ایماءة- یان جووڵەیەکی دەربڕین دەدات.لەمیانەی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا توێژەر گەیشت بە پێناسەی جێبەجێکردن بۆ زاراوەی( جووڵە) بەم شێوەیە: واتای جووڵەی گواستنەوەی ئەکتەر دەدات، کە دەبێت ئەکتەر هەر لەخۆڕا نەجووڵێتەوە، لە بەکارهێنانی هەر جووڵەیەک جەخت لەسەر ئەوە بکات, سەرەتا و کۆتایی جووڵەکانی دیاربێت، تەنانەت لە دۆخی وەستاوەکانیشدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## تەوەری یەکەم: چەمکی دینامیک

### 1- چەمکی میکانیک

جووڵەی مرۆڤ[ ئەکتەر] تایبەتمەندییەکی میکانیکی هەیە، ئەکتەر و وەرزشوان، لە ئەنجامی ئەو فەرمان و ڕێنماییانەوە ماسوولکەکانی جەستەیان دەجووڵێنن، کە بۆ ئەو ماسوولکانە دەچێت. ئیدی جووڵەکان وەڵامدانەوەی ئەو ڕێنمایی و فەرمانانەن و، تا لە ڕۆڵی جووڵەی میکانیکی جەستەی مرۆڤ و ماسوولکەکانی تێبگەین، پێویستە بە چەمکی بنەڕەتی جووڵەدا شۆڕبینەوە، چونکە" جووڵەی مرۆڤ لە سروشتدا بە سیستەمێکی بزاوتنی تەواو دادەندرێت. ئەو جووڵەیەش بە ئاڵۆزترین دیاردە سروشتییەکان دادەندرێت، کە لە ژیانماندا ژمارەیان زۆرە و شێوەیشیان جودایە، بەشێوەیەکی گشتی، جووڵە بە شێوازی زیندووی ماددە دادەندرێت، لەبەرئەوەی جووڵە لە سروشتدا بەشێوەی جیاواز هەیە، وەک جووڵەی میکانیکیی سادە و جووڵەی فیزیایی" (الصمیدعی،14،1987). بۆیە( دەبێ ئەو زانیارییەی لە زانستی توێکاریدا هەمانە لەگەڵ زانیارییەکانی میکانیک لێکیان بدەین و ئاوێتەی یەکدییان بکەین، تا بتوانین شێواز و جۆری پەیکەرەی ماسوولکەیی یان چۆنیەتی بنیاتنانی جووڵەی جەستە بە وردی دیاری بکەین) (Knudson, 2007, 41 ) بەو جۆرە دەتوانین پلانی جووڵەی باش و دروست بۆ جەستەی ئەکتەر دابنێین و پەیوەندیی بە کرداری جووڵەوە دیاری بکەین. لەوەوە،" ئەو کردارە جووڵەییەی لە کارلێکی نێوان ئەندامە جیاوازەکانی جەستە دروستدەبن، پەیوەندییەکیان لەگەڵ جووڵەی ئەرێنی و باری تەواوی جەستە یان بەشێکی هەیە و، ئەو کردارە جووڵەییەی مرۆڤیش لە جووڵەی زێندەوەرەکانی دیکە جودایە، ئەو جیاوازییەش بۆ جیاوازیی گەورەی کۆئەندامی ناوەندیی دەمار و ئەو بیرکردنەوەیە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ لە دروستکراوەکانی دی جودادەکاتەوە" (الصمیدعی،16،1987). هەرچەندی ئەکتەریش لێزانییەکانی جەستەی خۆی باشتر بزانێت، ئەوا توانای دەربڕینی لە نواندنی ئەو ڕۆڵەی دەیبینێت زیاتر دەبێت، چونکە" جەستەی مرۆڤ وەک هەر ئامێرێکی میکانیکی تەماشا دەکرێت، کە بەپێی یاسا میکانیکییەکان جووڵەیەک جێبەجێ دەکات و، ئەوەش پێویستی بە زانینی یاساکان و کاریگەرییان لەسەر جووڵەی جەستەی مرۆییدا هەیە، تا لە بەکارهێنانی جەستەدا ئەنجامێکی ئەرێنیترمان دەستبکەوێت و، جەستەش بۆ خزمەتی نواندنەکە لە ڕووی پلاستیکا و تەکنیکییەوە بێنینە بەربار، ئەوەش بە گرنگیدان بە کاری ئەکتەر و شیکاری

کۆئەندامی جووڵەی ئەکتەر دەکرێت، کە ئەویش بریتییە لە کۆئەندامی ئێسک و ماسوولکە" (عبود،24،2014)، کە مەبەست لێی ڕێکخستنی جووڵەکانی مرۆڤە، لەڕێی ڕێکخستنی جووڵە پێکداچووەکانی هەریەک لە ئێسک و جومگەکان. ناشتوانرێت یەکیان بە جیا لەوی دی وەربگیرێت. کە نموونەش لەبواری وەرزشدا دێنینەوە، بێگومان مەبەستمان کۆلکە هاوبەشەکانی نێوان بواری هونەر و بواری وەرزشە و( ئەو کۆلکە هاوبەشانەش لەنێوان پیادەکاریی وەرزشی و پیادەکاریی هونەریدا بە ڕوونی دیارن، نەخاسمە لەبواری شیکاریی لێوەشاوەییە جووڵەییەکان و، دەستخستنی لێوەشاوەیی و لێزانی لەکاتی فێربوون و پیادەکردنی جووڵەدا، بۆیە کارێکی زۆر لۆژیکییە، بۆ خزمەتی هونەر پشت بە سەرکەوتنەکانی بیومیکانیکی وەرزشی ببەستین) ( Levy, 2010, 2-3) . دەکرێ لەڕێی جووڵەی وەرزشییەوە لە جووڵەی ئەکتەران حاڵی ببین.هەرچەندی لە تیروانینی میکانیکییەوە ڕێنمایی ئەکتەر بکەین، بۆ ئەوی نواندن و جووڵەی بەرەوپێش ببات، چونکە" تێگەیشتن و جێبەجێکردنی زانیارییە میکانیکییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە باڵاکردنی ئاستی ئەدای نواندندا هەیە و ڕێنیشاندەری بەکارهێنانی توانای مرۆیین و برەوپێدانی لێوەشاوەیی نواندنیش دەکات" (الأسدی،2017،ص15). دەبێ لەگەڵ جووڵەشدا ماوەکانی وەستان و قەتیسبوونیش لەبەرچاوبگرین، ئەگەر توانای ئەکتەر بۆ وەسفی میکانیکی جووڵە شانۆییەکانی ڕوو لە زیادی بێت و، بزانێ چۆن کێشە میکانیکییەکانی بەشێوازێکی زانستیی ڕوون چارەسەربکات، ئەوا توانای ئەو ئەکتەرە بۆ باشترکردنی توانا جووڵەییەکانی زیاتر دەبن و، بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرز، چونکە:" جووڵەیەکی ورد و لەیەکچووە و دەکرێت بە شێوازە میکانیکییەکان لێی بکۆڵدرێتەوە، کە شێوازێکی نوێی بۆ دۆزینەوەی چەقی بارستایی و هەریەک لە بەشەکانی جەستە. ئەویش بەرێگایەکی زانستی"(الاسدي،25،2017) ناشتوانرێت، بەبێ زانینی شێوازی هەرە لەباری هەر جووڵەیەک، کە هەموو بەشە جیاوازەکانی جەستە بەیەکەوە دەجووڵێن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک، ئەو جووڵەیە لەسەر تەختەی شانۆ بەشێوەیەکی ڕێک و دروست جێبەجێ بکرێت. دەبێ دەرهێنەریش شارەزای هەموو ئەو شتانە بێت. ئەگەر نا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی نواندنی ئەکتەر و، لەجیاتیی چارەسەرکردنی ئەو هەڵانەی ئەکتەر تێیکەوتووە ڕاستیان بکاتەوە، ئەوا نواندنی ئەکتەر خراپتر دەکات. چونکە زۆربەی" مامۆستایان و ڕاهێنەران هەوڵی چارەسەرکردنی هەڵەی دەستنیشانکراو دەدەن، بەڵام گوێ بە بنجی ئەو هۆکارە نادەن، کە دروستیکردووە، بەگشتیی ئەو جۆرە هەوڵدانانە بێ بەرن و، کاری (وەرزشوان یان ئەکتەر) ڕوو لە دابەزین دەکات".

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(الخالدی،21,2012). هەر چەندی دەرهێنەر زیاتر ئاگای لە هۆکاری ڕاستەقینەی شکستی جێبەجێکردنی جووڵەیەکی ئەکتەربێت، ئەوا باشتر دەتوانێت، چارەسەری ئەو شکستە بکات. سەرباری ئەوەش، دەبێت دەرهێنەر جووڵەی ئەکتەر شیبکاتەوە و، ئەو خاڵە لاوازانە بدۆزێتەوە، کە ڕێ لە داهێنانی ئەو ئەکتەرە دەگرن، تا بتوانێت ئەکتەرەکە بەرێچکەیەکی ڕاستدا بەرەو چارەسەر ببات. یەک لە ئەوزارەکانی شیکردنەوە بۆ هەریەک لە دەرهێنەر و ئەکتەر، شیکاری میکانیکییە، کە بە کلیلی لێکۆڵینەوەی جووڵە دادەندرێت، چونکە" شیکردنەوەی میکانیکیی جووڵەی مرۆڤ یەکێکە لە ڕێچکەکانی لێکۆڵینەوەی بواری بیومیکانیک و لەوە دەکۆڵێتەوە، کە هێزە ناوەکی و دەرەکییەکان چ کاریگەرییەکیان لەسەر سیستەمی جووڵەییدا هەیە. شیکاریش، بەوە لێکدەدرێتەوە، کە لێکۆڵینەوەیە لە بەشەکانی جووڵە و زانینی کاریگەریی گۆڕاوە وەسفییەکانی دەبنە هۆی باڵاکردنی ئاستی جێبەجێکردنی ئەو جووڵەیەی ئامانجەکە دەستەبەر دەکات. وەک چۆن بەوە لێکدەدرێتەوە، کە کۆمەڵێك کارلێککەری بژاردەن و ئامانج و ئەرکەکانی لێکۆڵینەوە لە ڕێچکەکانی لێکۆڵینەوەی میکانیکیی ئاڕاستەکراودا دیارییان دەکات، هەر تەنیا بۆ لێکۆڵینەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی جووڵەش نا، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوە لە جووڵە وەک یەکەیەکی یەکگرتووی کامڵیش".(حسێن،محمود،1989، 41) . ئا لێرەدا، ئەکتەر دەتوانێت بگاتە ئاستێکی وردی ئەدای جووڵە، کە بینەر دەتوانێت بیان ناسێتەوە، جووڵەی ئەکتەرێکی ڕاهێنراو، لەڕێی وردیی ئەو جووڵانەوانەدا جیایان بکاتەوە، کە ئەکتەری خاوەن جەستەی ڕاهێنراو، زۆر پیشەگەرانە بەشێوەیەکی دینامیکی جێبەجێیان دەکات. وردەکاریی جووڵە، بە هەموو دڵنیاییەکەوە، پێویستی بە ڕاهێنانێکی زۆر و مەشقێکی بەردەوام هەیە، تا جووڵەکە باشتر بکرێت و ئەکتەر بتوانێ لە نمایشدا ئەوزارەکانی بە دروستی بەکاربهێنێت

## 2-چەمکی بیومیکانیک.

بۆ زانینی گەوهەری ئەو چەمکە، پێویستە ڕەگ و ڕیشاڵی ئەو چەمکە شارەزابین و، بزانین پشت بە چ بنەمایەک دەبەستێت. ئەگەر کەمێك بەرەودوا بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین، کە" زانستی بیومیکانیکیی ئەمڕۆ تا ئاستێکی زۆر پشت بە بنەما میکانیکییەکانی قوتابخانەی کۆنی میکانیک دەبەستێت، کە بە سەرکردایەتی پێشەنگی میکانیک،( ئیسحاق نیوتن) دروستبووە و ئەگەرچی چوارسەدەیە خۆی مردووە، بەڵام تا ئێستا یاساکانی دەخوێندرێن و بە ماددەیەکی بنچینەیی بنیاتی قوتابخانەی نوێی بیومیکانیک دادەندرێن " (الخالدی،16,2012). سەرباری ئەو هەموو زانا و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پزیشکانەی خۆیان لەقەرەی بابەتی جووڵە داوە، خەڵکانێکیش هەن مێژووی بیومیکانیک دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئەرەستۆ و ئەرەستۆ دەکەنە پێشەنگی یەکەم لەم بوارەدا، کە باسی" جووڵە و ڕۆیشتن و ڕاکردن و چەقی قورسایی لەش ویاساکانی بەرزکردنەوەی کردووە، ساڵی (131 -201) زانیی زانا ( جان) سەلماندنی، کە پاڵنانی جووڵە لە مێشکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ماسوولکە و دەبێتە هۆی گرژبوون و خاوبوونەوە، بۆ ئەوەی جووڵە لە جومگەکان ڕووبدات " (صديق،صالح،20،2020). بەڵام لیۆناردۆ دافنشی کاریگەریی لەسەر پێشخستنی زانستیدا هەبوو، کە گرنگی بە( جووڵەی مرۆڤ لەسەر تەرمی مرۆڤ داوە و کاریکرد و روونیکردەوە، کە جەستەی مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێك یاسای میکانیکییەوە، بۆیە شێکردنەوەی لەسەر میکانیکی جەستەی مرۆڤ لە چەند لایەکەوە کردووە، بە بەکارهینانی زۆر لێهاتووانە وێنەی کێشان و توێکاری ئەندازەیی کردووە، بەپێی توێکاری و میکانیک گرنگییەکی زۆری بە لێکولێنەوەی دۆخە شیکارییەکان داوە) (قادر، غەفور، 11،2019). بەڵام خاڵی گرنگی وەرچەرخانی مێژوویی، کە گەشەی بە زانستی بیومیکانیک داوە، لەسەردەستی( شۆل ماریی زانای فەرەنسی 1830-1904)، بووە، ئەویش هێنانە ئارای وێنەگرتنی جووڵەی مرۆڤ بوو، لەڕێی داهێنانی وێنەی بەدوای یەکدا هاتوو... (ماری) وێنەی ئەسپ و جووڵەی رۆیشتن و بازدان و غاردانی مرۆڤیش گرتووە).(حسێن،محمود،22،1998) ئەوەش کارەکەی بۆ ئەوانەی دوای خۆی ئاسان کرد ، بۆ ئەوەی دوای وێنەگرتن جووڵە شیبکەنەوە، شارەزاییەکی باش لەو بوارەدا کەڵکە بوو و لە گەشەپێدانی زانستی بیومیکانیک بەشداربوو " کارەکانی هەر دوو زانای ئەڵمانی،(ولیەم براون و ئۆتۆ فیشەر)، جێکەوتەیەکی گرنگیان لە گەشەپێدانی جووڵەی مرۆڤدا هەبوو، ئەوەش رەورەوەی پێشکەوتنی وەها بەرەوپێش برد، کە دواتر بیومیکانیک" یاسا فیزیاییەکان و جێبەجێکارییە جۆراوجۆرەکانی ئەو یاسایانەی لەسەر جووڵەکانی جەستەی مرۆڤ دەگرتەخۆ، بۆ زانینی لێوەشاوەییەکانی توانای مرۆڤ و سنوورە بێ کۆتاییەکانی ئەو توانایە، سەرباری شیکردنەوەی جووڵەکان بە بەکارهێنانی نموونەی شیکاری جۆریی، کە لە شێکردنەوە بە دیتن یان بەکارهێنانی وێنە دەردەکەوێت، بەمەبەستی خستنەڕووی چەندبارەی نموونەکان یان نیشاندانیان بە خێرایی جیاواز، تا یارمەتیدەری دیاریکردنی هەڵە هونەرییەکانی ئەدای جووڵەکان بن"(الخالدی،17،2012). ئا لەوەوە پەیوەندیی پتەوی نێوان بیومیکانیک و زانستەکانی دیکەی بە دیار دەکەوێ، کە ناتوانین دەستبەرداریان بین، وەک فیزیا و توێکاری، تێدەگەین. دەکرێت بڵێین زانستی بیومیکانیک" ئەو زانستە نوێیەیە،کە ئامانجی لێکۆڵینەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جووڵەکانی مرۆڤ و لێ تێگەیشتن و شیکردنەوەشی بەشێوەیەکی زانستی دەبێت"(الطالب،11،1976). بۆیە ئاوا پێناسەی بیومیکانیک دەکرێت،" ئەو سیستەمەی میکانیک لە کاری فیزیا دەخوازێتەوە، بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی کارکردنی لەسەر شێوازە زیندووەکاندا جێبەجێی دەکات"(Bartlett,2007,104) ئا لێرەوە دەردەکەوێت ئاسان نییە لەو بوارەدا زانستێکی دیکە دابڕین، چونکە لێکۆڵینەوەی جووڵە پشت بە کۆمەڵە زانستێک دەبەستێت و کۆمەڵە توخمێکە لەکاتی لێکۆڵینەوە لە جووڵەدا ناکرێت لە یەکدییان جودابکەینەوە. ئیدی ئەرکی بیومیکانیک ئەوەیە ( لەو هێزانە بکۆڵێتەوە، کە کار لەسەر بوونەوەرە زیندووەکان دەکەن و، ئەوەش بشزانێت ئاخۆ کاریگەریی ئەو هێزانە لەسەر قەبارە و شێوە و بنیات و جوولەی ئەو بوونەوەرە زیندووانە چییە) (Watkins, 2018, 5). بۆیە ناچارین، بە پشتبەبەستن بەو شتانەی دەکرێت لە بیومیکانیک دەستمان بکەوێت و، ئەو ئامانجە دیارببکەین، کە لە لێکۆڵینەوەی جووڵەدا مەبەستمانە، لێکۆڵینەوە شانۆییەکان جیاوازییەکیان لەگەڵ لێکۆڵینەوە وەرزشییەکانی بواری بیومیکانیکدا نییە، بۆیە لە" ڕێچکە و ڕێبازی نوێکەرەوەکانی شانۆی وەک (دالکروز و میرهولد و کۆبۆ و دیۆلین)دا، دەبینین سەرباری جۆرێک لە وەرزشی ڕاستەقینە لێکۆڵینەوە لەو ڕاهێنانە جەستەییانەش دەکرێت، کە لەکاتی توێژینەوەکانیاندا دایانهێنابوون: بەتایبەت وەرزشی زۆرانبازی و بۆکسێن و هەڵدانی قورسایی" (باربا،سافاريزي،184،2011) لێرەدا، ئەرکی سەرشانی ئەو لێکۆڵەرەی بایەخ بە لایەنی فیزیکی ئەکتەر دەدات، دەبێت ئەوە بزانێت، هەموو ئەو جووڵە وەرزشیانەی، کە باسکران توانستی ماسوولکەی لەش بەهێز دەکەن، هاوکات دەبێت تەواو ئاگای لە هەموو ئەو شتانە بێت، کە زانستی بیومیکانیک گرنگییان پێدەدات.

## 3- چەمکی دینامیک

مانای دینامیک، لای ئەوانەی لە وەرزشدا کاردەکەن وای دەبینن، کە" ئەو زانستەیە لە جووڵەی ڕێژەی بارستاییەکان دەکۆڵێتەوە" (جابر،171،2008)، بۆ ئەوەی لە دینامیکش بگەین، دەبێت بچینەوە لای یەکەمین زانای دینامیک، واتە نیوتن و، بچینەوە سەر یاسایەکەی سەبارەت بە بەردەوامی، یان ئەوەی پێیدەڵێن" یاسای بارنەگۆڕی، کە پوختەکەی ئەوەیە: هەموو بارستاییەک لە دۆخی جێگری خۆیدا دەمێنێتەوە، یان بەهێڵێکی ڕاست و بە ڕێکی دەجووڵێت، ئەگەر هیچ هێزێک کاری لێ نەکات و ناچاری نەکات ئاڕاستەی خۆی یان باری وەستانی خۆی بگۆڕێت"(الصميدعى،80،1987) جا ئەو بارستاییە لە

هەر دۆخێکدابێت، بجوولێ یان وەستاو بێت. ئەو یاسایەش ڕۆڵێکی کاریگەری لە لێکۆڵینەوە دینامیکییەکاندا گێڕاوە، بە لێکۆڵینەوەی جووڵە و کات و شوێنەکەی و جۆرەکەیشی، دەتوانین چارەسەرێک بۆ ئەو کۆسپانە دانێین، کە دێنە سەرڕێی جێبەجێکردنی ئەو جووڵەیە. یانیش جووڵەکە باشتر جێبەجێبکەین، تا دەگەینە ئاستی داهێنانی ئەدای جووڵەیی. ئەو کارەش بێ شیکردنەوەی جووڵە و دابەشکردنی هێز بەسەر قۆناغەکانی جووڵەکەدا دابیندەبێت، چونکە دینامیک لە" هۆکار و کاریگەریی حەتمیی نێوان ئەو هێزە جیاوازانە دەکۆڵێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر بارستایی و ئەو جووڵانەدا هەیە، کە ئەو بارستاییە جێبەجێیان دەکات". (السامرائی،17،1988) جووڵەی وەرزشی یان جووڵەی سەر تەختەی شانۆ، یان جووڵەی هەر جێیەکی دیکە، پێویستی بە هێز هەیە. چونکە جووڵە" لەخۆڕا ڕوونادات، بەڵکو پێویستی بە هێزە. چونکە جووڵە مانای کاریگەرییە، ئەگەر خرایە سەر هەر تەنێک ئەوا گۆڕانێک لە باری جووڵەیی تەنەکە دروستدەکات" (عبود،30،2014). بە واتایەکی دیکە، دەتوانین بڵێین" چالاکیی مرۆڤ- بوونەوەری دیکەش- لەسەر ڕەنگدانەوەی نێوان وزە چالاکەکانی ناوەوە و کاریگەرییە دەرەکییەکان بنیاتنراوە و، بەپێی سیستەمی کارلێککردن یان جێگۆڕکێ و گۆڕینەوەی هەردوو کرداری هەناردن و وەرگرتنی نێوان مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری، بە هەموو لایەنەکانی، لەسەر گۆی زەوی بەڕێوەدەچێت" (حسن،237،1983). کاریگەرییە دەرەکییەکانیش واتە ئەو هێزە کارتێکەرەی دەبێتە هۆی جووڵە. بۆیە هێز توخمێکی گرنگ و بنەڕەتیی بەرهەمهێنانی جووڵەیە و،" هێز، جووڵە و خێرایی تەنەکان ڕادەگرێت و ڕێدەگرێت و دەگۆڕێت و دەسپێکی جووڵە کەم و زیاد دەکات، هێز بڕێکی ئاڕاستەدارە و دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەی تەنەکان. هێزیش لەوانەیە ڕاکێشەربێت و لەوانەشە پاڵنەربێت، ئەوەش لە دۆخی تەنە هاوسەنگەکاندا تێبینی دەکرێت، چونکە هێز واتە کاریگەریی تەنێک، کە دەیخاتە سەر تەنێکی دیکە و وایلێدەکات بجوولێت" (عبود،30،2014). بە گەڕانەوە بۆ سەر یاسای بارنەگۆڕیی نیووتن، یان با بڵێین تایبەتمەندیی بەردەوامی، ئەوا" ئەو خاڵەی لە هەموو کاریگەرییەکی دەرەکی دوورە، پارێزگاری لە دۆخی وەستاوی خۆی، یان جووڵەی ڕێکی بە هێڵی ڕاست دەکات، بەمەرجێ هێزێک کاری تێنەکات و بارە وەستاوەکەی یان جووڵە ڕێکەکەی بگۆڕێت. ئەو دۆخەش، کە هیچ کاریگەرییەکی هێزێکی دەرەکیی لەسەر نییە، پێیدەگوترێت بارنەگۆڕی" القصور الذاتی" (الصمیدعی،الامام،رشید،171،2011). بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دۆخەش، ئەو ئەکتەرەی وەک تەرمێکی ساردوسوڕ لەسەر تەختەی شانۆ کەوتووە، ئەگەر هێزێکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرەکیی وەک پاڵپێوەنانی ئەکتەرێکی دیکە کاری تێنەکات، ئەوا لە دۆخی وەستانێکی بەردەوامدایە. بە ڕاهێنانی ئەداکردنی جووڵە، دەتوانین باشتر جێبەجێی بکەین و پەرەیشی پێبدەین." هەر بۆیە، لێکۆڵینەوەی لادانی جەستە لە کات و شوێنێکدا... و گواستنەوەی جەستەیەکیش لەڕێی هێزەوە و لە زەمەنێکدا دەچێتە خانەی هێزی بزوێنەر و پێیدەگوترێ دینامیک" (الصمیدعی، الامام، رشید،2011 ، 30). ئەوەی لێرەشدا بۆ ئێمە گرنگە لایەنە دینامیکییەکەیەتی لەگەڵ نەرمی و خۆشهاتنی جووڵە. چونکە نەرمی و خۆشهاتنی جووڵەی سەر شانۆش وەک نەرمی و خۆشهاتنی جووڵەی یاریزانانی جومباز کارێکی پێویستە، لەبەرئەوەی نەرمی و خۆشهاتنی جووڵە شانبەشانی لێوەشاوەیی نواندن پێویستە و، جووڵەکان" بە ئالییەتێکی تەواو و خۆشهاتنی جووڵە" بەبێ گرێوگۆڵ" و بەرێوانی خۆیدا جێبەجێ دەکرێت. یان ئەو جووڵانەن، کە هەموو سیفەتەکانی جووڵە و هەماهەنگی و ڕێکهاتنەوەی باڵایان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و ئەو جووڵەیەیە، کە ئەوەی دەیبینێ دەزانی هیچ کەموکورتییەک لە نواندن و جێبەجێکردنیدا نییە، کەواتە بریتییە لە هاوگونجانێکی تەواوی ئەو جووڵەیەی بە ڕێکهاتنەوەیەکی باڵای ئەوتۆ جێبەجێ دەکرێت دەگاتە ئاستی میکانزمی ئۆتۆماتیکی" (محجوب،164،2001B). دۆخەکەش، سەبارەت بە جووڵە و ئەدای جووڵە لەسەر تەختەی شانۆ هەمان وردەکاری و نەرمی و خۆشهاتنی جووڵە پێویستە.

## تەوەری دووەم: دینامیکیەتیی جەستەی شانۆیی

1– بیومیکانیک لە شانۆدا

با سەرەتا شارەزای چەمک و پێناسەی بیومیکانیک ببین، لە فەرهەنگە هونەرییەکاندا پێناسەی بیومیکانیک وەها هاتووە، کە بریتییە لە" لێکۆڵینەوە لەو میکانیزمەی بەسەر جەستەی مرۆڤدا جێبەجێ دەکرێت. مییرهولد، ئەو دەربڕینەی بەکارهێناوە تا وەسفی شێوازێک بۆ ڕاهێنانی ئەکتەر بکات، کە پەیوەستی جێبەجێکردنی ڕاستەوڕاستی ئەو ئەرکانەیە، کە لەلایەن نووسەر و دەرهێنەر پێی دەگوترێتەوە و، هەرچەندی ئەرکی ئەکتەریش لە چوارچێوەی دەستەبەرکردنی ئامانجێکدا سنووربەند بکرێت، ئەوا دەبێت شێوازەکانی دەربڕینی سنووردار و ڕێکخراوبن، تا وردەکاریی ئەو جووڵەیە دەستەبەربێت, کە بەو خێراییەی لەتوانادایە بەدەستهێنانی ئامانجەکە ئاسانبکات"(pavis،1998،33)، پێناسەکەش لە ئەدەبیاتی مییرهولد وەرگیراوە. بیومیکانیکیش وشەیەکە لە(Bio)ی کورتکراوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وشەی بایۆلۆژیا= ژیان (Mecanique)ی بەمانای ئامێری داتاشراوە و، لە پێکەوە کۆکردنەوەیان مەبەست ئەوەیە، وەک ئامێرێک مامەڵە لەگەل جەستەی مرۆڤدا بکرێت و،" بیومیکانیکیش سیستەمێکە بۆ ڕاهێنانی جووڵەی ئەکتەر بەشێوازێکی میکانیکی، ئەم سیستەمە وا دەکات، کە ئەکتەر توانای وەڵامدانەوەی هەموو گۆڕانکارییە جەستەییەکانی لە ڕێگای ڕاهێنانی جەستەی ئەکتەرەوە هەبێت، ئەم دەستەواژەیە لە لایەن دەرهێنەری رووسی (ڤسیڤۆلۆد میرهولد (Vesvolod Meyerhold(1874-1940) داهێنراوە"(سوبحان،2004، 18) لەو دوو پێناسەیەشدا بۆمان بەدیاردەکەوێت، کە میرهولد یەکەمین دەرهێنەری شانۆیی بووە, ئەو زاراوەیەی بەکارهێناوە و، ئەو ناوەشی لەو سیستەم و شێوازە ناوە، کە لە قوتابخانە شانۆییەکەیدا گرتبوویەبەر, بەوەش لەسیستەمی ستانیسلاڤسکی مامۆستای دوورکەوتەوە،" دیارە کە ئەو زاراوەیەش پەیوەستی کاری ئەکتەرە تا لەرووی هونەرییەوە خۆی بەرێگای میتود(Method)ەوە ئامادەبکات: کە پێبەپێ لە مەودای ڕێوانی کاری هونەریی درێژخایەن و لێکۆڵینەوەی لە شانۆی مەرجی و گرۆتیسک دروستبووە, تا گەیشتووەتە ئەوەی دوای ساڵی 1922، بۆ یەکەمجار ئەو ڕاهێنانانە لە دووتوێی شانۆگەریی (شاخداری بەخشندە (The Magnificent Cuckodنمایشکرا، ناوی لێنرا بیومیکانیک "(بەیاتلی،2013،246)، لەوەشەوە تێدەگەین، کە میرهولد شێوازێکی نوێ و دینامیکی جودا لەوانەی پێش خۆی هێنایە ئاراوە. ئامادەبوونی میرهولد لە تاقیگە شانۆییەکەی ستانیسلاڤسکی، وایکرد بەشێوەیەکی جیددی بیر لەوە بکاتەوە, کە لەدەرەوەی بەرگەسەدەفەکەی ستانیسلاڤسکی مامۆستای لە جووڵەی ئەکتەر و نواندنە جووڵەییەکەی بکۆڵێتەوە, چونکە یەک لە قوتابییەکانی بووە, ئیدی ویستی چەند قوتابخانەیەکی شانۆیی و چەندین تاقیکردنەوە پێکەوە کۆبکاتەوە، لەجیاتیی ئەوەی هەر لەژێر ڕێچکەی مامۆستایەکەیدا بمێنێتەوە، کە لە تاقیگە شانۆییەکەی بەتەواوی پشتی بە تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆی دەبەست. ئەو کارەی میرهولد هیچی لە بەهای کارەکانی مامۆستاکەی و بەهای ئەو قوتابخانەیەش کەمنەدەکردەوە، کە ستانیسلاڤسکی لە ڕاهێنانی ئەکتەردا گرتبوویەبەر، میرهولد دەیویست پشت بە جووڵەی جەستەی ئەکتەر لە نواندندا ببەستێت، ئەگەرچی لەوکاتەدا قوتابی بوو و ئەکتەرێکی تاقیگەکەی (ستانیسلاڤسکی)یش بوو، لەژێر سەرپەرشتیی مامۆستایەکەیدا بوو، بەڵام بیرکردنەوەیەکی ڕۆشنی هەبوو و بەردەوام بیریدەکردەوە و پلانی دادەڕشت و تیۆری تایبەتی خۆی سەبارەت بە نواندنی شانۆیی دادەنا. بیرکردنەوەی زەینە داگیرساوەکەی میرهولد, وای لێکرد باوەڕی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەوەی نەمێنێت، کە ستانیسلاڤسکی دایهێنابوو، سەرباری ئەوەی هەردووکیان لە هەوڵداندا هاوکاربوون." لە ساڵی (1905)ە وە دەستیپێکرد، کە ئەو ساڵە بوو ستانیسلاڤسکی و مییرهولد ستۆدیۆیان تێدا دامەزراند"(جاف,125,2013) و، لەو ستۆیۆیەشدا هەریەکەیان هەوڵیدەدا ئەو بنچینانە دابمەزرێنێت، کە دەکرێت ئەکتەر لەسەریان بڕوات، بەڵام هەردووکیان هاوڕا نەبوون، وەک زانراوە ستانیسلاڤسکی لە کارەکەیدا پشتی بە" هونەری ئەکتەری پشت بە دەروونزانیی کەسایەتی بەستوو و بەکارهێنانی یادگەی هەڵچوونی دەروونی و گەڕان بەدوای حاڵەتی داهێنانی ئۆرگانی دەبەست" (الکاشف،252،2019) لەکاتێکدا مییرهولد شتێکی ئەوتۆی لەمیتودەکەی ستانیسلاڤسکی نەدەدۆزییەوە، کە ڕازیی بکات،" چونکە پێیوابوو ئەو میتودە ئەو کێشە شانۆییانەی پێ چارەسەر ناکرێت، کە سەدەی نوێ هێنابوونیە گۆڕێ، بۆیە مییرهولد هەوڵی بەکارهێنانی توخمە دەرەکییەکانی دا، واتە جەستەی ئەکتەر، ئەویش وەک جێگرەوەی ئەو میتودە بوو، بۆ ئەوەی ئەکتەر بە بەکارهێنانی جووڵە و ئاماژە دینامیکییەکان و بەکارهێنانی جەستە وەک ئامرازێکی دەربڕین، بۆ دۆزینەوەی شێوازە شانۆییە نوێیەکان، مییرهولد پێیوابوو شێوازە کۆنەکانی نواندن تا رادەیەك دەستکورتن،" لە ڕابردوودا، ئەکتەر هەمیشە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە ڕێکبوو، کە ئامانجی هونەرەکەی هونەرمەند بوو، لەکاتێکدا ئەکتەر دەبێت لە دوارۆژدا لە پێکبەستانی شێوازەکەی لەگەڵ دۆخە پیشەسازییەکە لەوەی ئێستا دوورتر بڕوا، چونکە ئەکتەر ئەو کاتەی لە کۆمەڵگایەک کاردەکات، کە ئیدی وەک نەفرەتێک تەماشای کارکردن ناکات، بەڵکو وەک پێداویستییەکی چێژبەخش و پڕ چالاکیی بارودۆخێکی کارکردنی نموونەیی سەیری دەکات، بۆیەش ڕوون و ئاشکرایە کە هونەری کارکردن پێویستی بە بنەمایەکی نوێ دەبێت"(Braun,2016,243), لەبەرئەوە، مییرهولد، کە لە شانۆی هونەریی مۆسکۆدا کاری دەکرد، لەوە دڵنیابوو، کە" شانۆی نوێی سەرکەوتوو، بەبێ ڕاهێنانی ئەکتەران، لەڕووی فیکریی و جەستەیی، پەیدانابێت، ئەوەش بۆ دەستەبەرکردن و بەجێهێنانی بیرکردنەوەکانی دەرهێنەرە. مییرهولدیش، چونکە گرنگی بە ئامادەکردنی ئەکتەری نوێ دەدا، هەمیشە پێیوابوو، ستۆدیۆ بەشێکی ئۆرگانی هەر شانۆگەرییەکە و بەرنامەی تاقیگەری ڕاهێنانی جەستەیی بۆ قوتابییەکانی دانا، وەک جووڵە، سەما، جووڵانەوەی ئەکرۆباتیک "(بلیزأیتون،1997،97)." مییرهولد زۆری هەوڵید تا ئامانجەکانی خۆی بەدەستبێنێت. لەڕێی." کارکردنی لە ستۆدیۆی شەقامی بۆرۆدینسکی(1913-1917)... کاتێک چالاکانە ویستی بنەماکانی شانۆی خۆرهەڵاتی، واتە شانۆی کابوکی، کۆمیدیای دیل ئارتی لە پرۆسەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فێرکاری و پێگەیاندنی شانۆییدا بەمەبەستی دانانی بنچینەکانی بیومیکانیک بۆ ئایندە بەکاربهێنێت "(جاف،29،2013). هەر ئەمەش پاڵیپێوەنا تاقیگەیەکی شانۆیی بۆخۆی ، یان قوتابخانەیەکی تەکنیکە شانۆییەکان دابمەزرێنێت. لەوکاتەی" هونەری ئاماژەی بە قوتابییەکانی دەگوتەوە و دەربارەی ئەو شتەی دەنووسی, کە ناوی لێنابوو( سیناریۆی جووڵە) و بە ئەڵقە دەینووسی و قوتابییەکانی لەناوخۆیاندا دەستاودەستیان پێدەکرد، مییرهولد ئەو خەونەی دەیدیت و هەوڵی هێناندیی دەدا، ئەودەمای مییرهولد نووسیبووی جووڵەی جەستە ئامرازی هەرە پڕ دەربڕینی کاریگەری دەستی ئەکتەرە" (بليزأيتون،37،1997)، دەتوانین مەودای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو و بەدیاریکراویش" لە سەرەتاکانی ساڵی 1921، مییرهولد چەند پلانێکی دانا تا لەتەنیشت شانۆییەکەی قوتابخانەیەکی تەکنیکە شانۆییەکان بکاتەوە، وەهاشی دامەزراندبوو تا کەرەستە و شیوازی جووڵە و دواندن( ئیلقا)، بە پشتبەستن بە یاسا فیزیاییەکانی تەکنەلۆژیای گشتی بداتە ئەکتەرەکانی، کە لە فیزیا و میکانیک و مۆسیقا و هونەری بیناسازی ڕوون و ئاشکراتر دیارن "(Braun,1988,172) هەروەک کاریگەریی جیمس لەسەر مییرهولد ڕوون و ئاشکرا بوو سەبارەت بە کرداری پەرچەکرداریی (لە پرۆگرامی مییرهولد و لە مەودای نێوان ساڵانی 1922و 1923 سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کرداری پەرچەکرداری تاک و کۆمەڵ، بە ڕوونی دیارە، نەخاسمە لە ڕێکخستنی خولی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و ئەدەب و مۆسیقا و تەکنیکی بەرهەمی شانۆیی وەک هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانی لێزانیی ئەو هونەرانە. جا ڕاهێنان سەرەتا لەسەر جووڵە دەکرا، ئەوجا بیرۆکە. لە کۆتاییشدا ڕاهێنان لەسەر دیالۆگ. لەوەشدا بەشدارییەکی ئاشکرای مییرهولد بۆ بیرۆکەی ولیەم جیمس دەبیندرێت *، کە لەوەدا پوخت دەبێتەوە، کەوا وشە و هەست لە جووڵەی پەرچەکردار هەڵدەقوڵێن، نموونە هەرە لۆژیکییەکانی ئەو واتایەش ئەو شتانەن، کە مییرهولد بۆ بەڵگە لە( ولیەم جیمس)ی وەرگرتوون، کەوا کاتێ ورچێک دەبینین، سەرەتا دەست بە ڕاکردن دەکەین و، پاشان لەبەر ڕاکردنمان لە ورچەکە ترسمان لێ دەنیشێت)(بليز

---

*ولیەم جەیمس "William James" (1842-1910) فەیلەسوفێکی ئەمریکییە،لە پێشەنگەکانی دەروونزانی نوێیە، لەدایکبووی شاری نیویۆرکە، لەبواری دەروونزانی نوێ و دەروونزانی پەروەردە و دەروونزانی ئایینی و سۆفیگەری و فەلسەفەی پراگماتی نووسیویەتی و لە دانراوەکانی، ئیرادە، باوەڕ، بنەماکانی دەروونزانی، پراگماتیزم. ئەو لەو زانایانەیە, کە ڕەخنەیان لە قوتابخانەی بونیادگەری گرتووە، چونکە لەسەر ئەرکەکانی مێشک و دابەشبوونی چڕبووەتەوە. ناویشی لە قوتابخانەکەی ناوە قوتابخانەی وەزیفی.https://en.m.wikipedia.org/wiki/William_James

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ایتون،98،97،1997). کەوتنەژێر کاریگەریی مییرهولد بە تایلور و جیمس نەوەستا، بەڵکو تیۆرییەکانی ئیڤان باڤلۆڤیش** لەوەیدا بەشدارن, کە بە زانستەکانی پەرچەکردار بەناوبانگن و" لەسەر گریمانەی ئەوە بنیاتنراون: ئێمە تەنیا لەو شتانە تێدەگەین، کە دەتوانین بە شێوەیەکی بابەتییانە پێوانەیان بکەین، کە ئەوە لەگەڵ تێڕوانینە بابەتییەکانی مییرهولدی تایبەت بە ئەکتەر و، جەختکردنەوەی لەسەر ماددەی دەرەکی، ڕێکدەهاتەوە، ئەوەش بەوە دەبێت ئەکتەر توانای پەرچەکرداری هەبێت، کە مرۆڤ بەبێ ئەو توانایە نابێتە ئەکتەر، ئیدی جەختی لەوەی دەکردەوە سۆز بە کردارە ناوەکییەکانی ئەقڵ پەیدا نابێت، بەڵکو بە هاندەرێکی دەرکی دێتە کایەوە. لەوەشەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی مییرهولد شێوازی تایلور و پاڤلوڤی، بەشێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ ناوەرۆکی کۆمیدیا کۆکردووەتەوە تا کۆمەڵێ ئیتود بێنێتە کایەوە، کە بۆ بنەمای هەموو لێهاتووییە بنچینەییەکانی ئەکتەر دامەزراون"(Pitches,2003,72-73) چونکە باوەڕیشی بەو شتە هەبوو، کە لە تیۆرە شانۆییەکانیدا پلانی بۆ دادەنان و لە سەرچاوەی هەمەجۆر کۆیکردبوونەوە، ئەوا" مییرهولد میتودی ڕاهێنانی ئەکتەری کە بە بیومیکانیک ناویبردوە، لەڕێی بەکارهێنانی تەواوی ئەزموونی بەرفراوانی شانۆییەوە بونیادناوە، لە هەڵبژاردن و ڕاهێنانی مەشقی تایبەت لەسەر بنچینەی زۆرترین سەرچاوەی دینامیکی، وەک سێرک، میوزک، هۆڵ میوزک هۆڵ، بۆکسێن، جومناستیک، مەشقی سەربازی، شانۆی چینی، شانۆی کابوکی، وێڕای ئەزموونی زۆرترین فێرگە شانۆییە تەقلیدییە دێرینەکان، مییرهولد لەسەر ئەو بنەمایانە و بەر لە شۆڕش توانی زۆر لەمەشقەکانی دەستەبەر بکات "(جاف,2013,106). ئەو سەرچاوانەش بوونە بنچینەیەک بۆ بەگەڕخستنی دینامیکیەتی جەستە، کە لە ئیتودەکانی بیومیکانیکدا ڕەنگیاندایەوە. بەمەش، مییرهولد، هەموو گرنگی خۆی خستەسەر جووڵەی جەستەی ئەکتەر و، لەو سەرچاوانەی بەردەستیشی بەدوای شتێکدا دەگەڕا پەیوەندیی بە

**ئیڤان پیترۆڤیچ پاڤلۆڤ "Ivan Petrovich Pavlov"(1842-1910) زانایەکی توێکاریی فەسلەجیبة, دامەزرێنەری چارەسەری هەڵسوکەوتیی نوێیە. لە 1904خەڵاتی نۆبڵی بواری فیسیۆلۆژیای وەرگرتووە. وەک پزیشک لە دامەزراوە سەربازییەکان کاریکردووە. یەکەمین پرۆژەی توێژینەوەی لە فیسیۆلۆژیادا خەڵاتێکی گرنگی زانکۆیی بردووەتەوە، دوای وەرگرتنی دکتۆرا چووە لە ئەڵمانیا بخوێنێ. پاڤلۆڤ لەزۆر بواری زانستی ئەرکی ئەندامی و زانستەکانی دەمار بەشداریی هەبووە. لێکۆڵینەوەکانی کردارەکانی پەرچەکردارە خۆنەویستەکانی لەخۆ گرتبوو.
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Ivan_Pavlov

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جووڵەوە هەبێت، بەو شتانەش کاریگەر دەبوو، کە دەیدیت لەگەڵ بیروڕا شانۆییەکانی ئەودا ڕێکدێنەوە، و لەجێبەجێکردنی ڕاهێنانە جەستەییەکاندا، کاریگەری مییرهولد بە خوو و نەریتە شانۆییە باو و هەمەجۆرەکان نەوەستا، بگرە هەوڵیدا ئەو ڕاهێنانانەی وەریدەگرتن پێکیانەوە ببەستێ و لێیان زیاد بکات، یانیش چەند جووڵەیەکی لە چەند سەرچاوەیەکی جیاواز وەرگرتبوون و، بەو یاسا و تیۆرییە زانستییانەی لەگەڵ تێڕوانینی ئەودا ڕێکدەهاتنەوە و پشتگیریی ئەو شێوازەیشیان دەکرد، لە وۆرکشۆپە شانۆییەکەی بەکاریدەهێنان و، پێکەوەی دەبەستنەوە. ڕەنگە پاڵنەری هەرە گەورەی ئەو بابەتەش ماندووبوونی ئەکتەر بووبێ و پلەی ئەو ماندووبوونەش، کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاری دەکردە سەر ئەدای جووڵەیی سەر تەختەی شانۆ. مییرهولد، لە وانەیەکی لە 12ی حوزەیرانی 1922دا لە پەیمانگای مۆسیقا پێشکەشیکرد، ئەوەی دووپاتکردەوە و گوتی: "کێشەی بنەڕەتی لە ئاستی ماندووبووندایە، دوارۆژی هونەریش بەندە بە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە" (مایرخولد ج[2]،29،1979). وەک چۆن لە وانەکانیدا ئاماژەی پێدا، ئامانجی سەرەکی ڕاهێنانەکان، دەست بە جووڵەوەگرتن بووە لەگەڵ جوانی نواندنی ئەو جووڵانە و، ئەوەش" بە دابەشکردنی هەر جووڵە و ئاماژەیەک لە مەشقەکاندا بۆ زنجیرەیەک لە جووڵەی وردەکاریی. مییرهولد توانی سوود لە بەرهەمی زانست بە هەموو بوارەکانییەوە وەرگرێت، بە تایبەتییش بنەماکانی (تایلوریزم). بۆ دەستپێوەگرتنی جووڵە و لەگەڵ تیۆری هەڵچوونی (ولیەم جێمس)ی دەروونزانی ئەمریکی (1842-1910)، ئەوەش بە ناچارکردنی ئەکتەر، تا لەڕێی بەکارهێنانی ماسوولکەکانییەوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، هەست بە هەموو وردەکارییەکانی هەڵچوون بکات، ئەوەش دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان توانا جەستەییەکانی و هەستە ناوەکییەکانی بۆ ئەکتەر ئاسان کرد"(جاف،2013،106-108). ئەوەش مانای وایە، دەبێ ئەکتەر لە وەبەرهێنانی کاتدا چەندی پێیدەکرێت دەست بە جووڵەوە بگرێت، چونکە لۆژیکی نییە ئەکتەر، وەک کەسێکی سەرلێشێواو لەسەر تەختەی شانۆ کاتی خۆی بە لەبەرکردن و داکەندنی جلەکانی بەفیڕۆبدات، ئیدی سیستەمی مییرهولد پشتی بە دینامیکەتی جەستە و جووڵەی ئەکتەر دەبەست و، هەر لەسەر ئەدای جووڵەی کەسایەتییەکە چڕنەبووەوە، کە ئەکتەر جێبەجێی دەکات، بەڵکو مییرهولد ئەو ڕاهێنانەی بەسەر قوتابی و ئەکتەرەکانی خۆیدا دەسەپاند و، ڕێچکەی تایلور سەرنجی مییرهولدی ڕاکیشا و لە توانای جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە لە وۆرکشۆپە شانۆییەکەی کۆڵییەوە، نەخاسمە کە خۆی لەو جووڵە زیادانە بەدووردەگرت، کە سوودێکیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەدەگەیاند، ئیدی" خولی کاری تایلور بووە خولی نواندنی مییرهولد، کە پەیوەندییەکی نەخشە بۆدانراوی نێوان جووڵە و وچان لەخۆدەگرێت و کرێکارەکەی تایلور و ئەکتەرەکەی مییرهولد وا لێدەکات کارەکانیان بەشێوەیەکی هەرە رێکوپێک بە کەمترین هەوڵ و تواناش جێبەجێ بکەن" (Potter,2002,5) مییرهولد، تەنیا بەوە ڕانەوەستا پشت بە ڕێچکەی تایلوری ببەستێت، بەڵکو چەندین ڕێگا و شێواز و چەندین ڕێچکەی تاقیکردەوە، تا لەوانەوە ڕێچکە و سیستەمێک هەڵێنجێت، کە پارچەکانی لەیەک بۆتەدا کۆبکرێتەوە و ناوی لێبنێ "بیومیکانیک" و، کاتی خۆی و ئەوپەڕی تواناشی بۆ ئەو مەشق وڕاهێنانە تەرخانکرد، کە لەڕێی بەکارهێنانی تەواوی ئەزموونی بەرفراوانی شانۆییەوە بونیادینا، تا لە وۆرکشۆپەکەی خۆیدا جێبەجێیان بکاتەوە، مییرهولد هەر لەخۆڕا بەو ئاڕاستەیەدا نەڕۆیشت و، ئەو میتودەکەشی تەنیا بۆ بەرپاکردنی گۆڕانکاری نەگرتەبەر یان بۆ ئەوەی لە ستانیسلاڤسکی مامۆستای جودابێت، بەڵکو، بە هۆشیاریی و درکپێکردنی ئەوەوە بوو، بۆ ئەو پێداویستییانەی لە دوارۆژدا ئەکتەر لە پیشەی نواندندا پێویستی پێیان دەبێت. چونکە" مییرهولد بینی ئەکتەر لە ڕابردوودا پەیوەستی ئەو کۆمەڵگەیە بوو، کە هونەرەکەی پێشکەشی دەکرد، کەچی ئەکتەری دوارۆژ لە تێڕوانینی ئەودا دەبێ لەڕێگای گرێدانییەوە بە وێنەی تەکنەلۆژیای پیشەسازییەوە لە کۆمەڵگایەکەی تێپەڕێنێت. بۆیە پێیوابوو، پێویستە بنەماکانی تەکنیکێکی تازەی ئەوتۆ دابمەزرێندرێت، کە لەگەڵ ئەو وێنەیەدا ڕێکبێتەوە و، لەو کارەشدا پەنای بۆ قوتابخانەی بونیادگەری برد، کە لەوێدا دەبێت هونەرمەند لەیەک کاتدا هونەرمەند و ئەندازیاریش بێت. ئا لێرەوە، پێیوابوو پێویستە پشت بە یاسا زانستییەکان ببەسترێت. تا بتوانرێت کردە داهێنەرەکانی شانۆ بگەیەنرێنە ئاستێکی وشیاریی، دەبێت ئەکتەر وشیاربێت و بتوانێت کەرەستە خاوەکەی ڕێکبخات، بەتایبەت ئەوزارە جەستەییەکانی دەربڕین، کە دەکەونە ژێر یاسا میکانیکی و فسیۆلۆژییەکان"(الکاشف،249،2019) مییرهولد بەو سیستەمەی، دەیویست ئەو ئەکتەرانەی لەگەڵیدا کاردەکەن، فێریان بکات، لە هەڵچوون و بەرەو هەڵچوون چوون دوورکەونەوە، بەڵام ڕێیدەدا" ئەکتەر، هەمووارکردنەوە، یان باشتر بڵێین، ئەوراستکردنەوەی زۆر بۆی گرنگە، پارێزگاری لە داهێنانی تایبەتی خۆی بکات. ئەو هەڵوێستە دوالیزمەش بەرانبەر ئەکتەران، بەتایبەت لە هەڵویستەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(کۆکلین*) دەستی پێکرد، کە پێیوایە ئەکتەر، سەرباری ئەوەی داهێنەرە، لەهەمان کاتدا کەرەستە یان ماددەیەکیشە بۆ خوڵقاندن"(حمزة،19،2021)، چونکە مییرهولد دوولایەنییە ڕوونەکەی ئەکتەری دەدیت، کە هەم داهێنەر و هەم ئافرێنەریشە لە هەمان کاتدا، لەبەرئەوە مییرهولد شێوازە جەبرییەکەی خۆی داهێنا، $N = A_1 + A_2$ کە لێرەدا N خودی ئەکتەرەکەیە و$A_1$ مێشکە زاڵەکەیە، کە بیرۆکەی هەڵگرتووە $A_2$ ش جێبەجێکاری بیرۆکەی یەکە، لەکاتێکیشدا کە پرۆڤەی ڕاهێنانە فیکرییەکانی $A_1$تەرخان دەکرێن( مەبەست ئەوەیە بۆ مێشک تەرخان دەکرێن) ئەوا پرۆڤە پراکتیکییەکانی $A_2$ ش دەکرێنە بەش بەش( مەبەستی ئەوەیە هەر یەکێکان بەشێکی خۆی بەردەکەوێ) (Leach,2005,100) ئەوەی مییرهولد دەیگوت، ئەکتەر بەرجەستەی دەکرد و، جەماوەر مییرهولدی لەسەر تەختەی شانۆ نەدەدیت، بەڵام ئەکتەرەکەی دەدیت، لەبەرئەوە" ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ، تەنها دەنگێکی مرۆیی نەدەخستە سەر کەسایەتییەکە، بەڵکو هونەری جووڵەیشی دەخستە پاڵ و ئامانجی شانۆ و ئەرکی شانۆش کۆکردنەوەی هەموو ئەو توخم و بنەمایانە بوو، لەیەک یەکەی ئۆرگانیدا" (مایرهولد،18،2011). چونکە هەندێکیش پێیانوابوو مییرهولد ڕاهێنانەکان وەک خۆی دەباتە سەرتەختەی شانۆ و، ئەوەی جەماوەر دەیبینێت, تەنیا کۆمەڵێک ڕاهێنانە، کە مییرهولد قوتابییەکانی لەسەر ڕادەهێنا، بەڵام هەرگیز ئەوە ڕاست نییە، مییرهولد لەبارەی ئەو مەشق و ڕاهێنانەوە وەڵامی پرسیارێکی دابووەوە و گوتبووی:" ئەوەی دەتوانین لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەشی بکەین, ئەو سیستەمە نییە: ئەوە تەنیا بۆ ڕاهێنانی ئەکتەرەکانە لەسەر بنەمایەکی ئەزموونگەریدا، ئێمە کە تەماشای ئەکتەرمان کرد گوتمان پێویستی بەوە و بەوەیە، بۆیە، دوازدە یان سێزدە بەندمان[ ئیتود] دانا و، گوتمان ئەو بەندانە بۆ ئەکتەر زۆر پێویستن تا بتوانێت ئەوزارەکانی دەربڕینی ئامادە و تەیاربکات و، وایان لێ بکات، بتوانن بیرۆکەکانی ناو دەق و نواندنە شانۆییەکە بگەیەننە جەماوەر" (مایرخولد،ج2،169،1979) چونکە مییرهولدیش دەرهێنەرێکی پیشەگەرە و پێشترێش ئەکتەرێکی

---

*بینوات کۆنستانت کۆکلین Benoit Constant Coquelin(1841-1909) ئەکتەرێکی فەرەنسییە، لە 1860 چووەتە پاڵ کۆمپانیای کۆمیدیای فەرەنسی، لە تیۆریزەکارە باڵاکانی هونەری نواندنە لە سەدەی نۆزدە، لە تیۆرییەکانی جەختی لە دوالیزمی ئەکتەر دەکردەوە، گوایە لە یەک کاتدا دو کەسایەتیی هەیە، یەکەمیان خۆی و دووەمیان ئەو کەسایەتییەی ڕۆڵەکەی دەبینێ و ناشتواندری ئەو دوو کەسایەتییە لێکدی جودا بکرێنەوە. https://en.m.wikipedia.org/wiki/Benoît-Constant_Coquelin

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیشەگەر بوو لەگەڵ ستانیسلاڤسکی کاری دەکرد، بۆیە بەپێی ئەو شارەزاییە درێژەی لە نواندن و دەرهێناندا هەیبوو،" گرنگیی بەو ڕاهێنانانەدا, کە ئامادەی کردبوون، لەبەر ئەوەش ڕاهێنان لە" ئیتود"ەکانی بیومیکانیک لای مییرهولد بۆ ئەوە داندرابوون تا ببنە ئەوزارێک بۆ ئەکتەر، کە بۆ کارێکی دەمودەستی شانۆیی پێویستییەتی و... لە نواندنەکانی دوارۆژیش لەبارییەکی پێویست بەشێوەیەکی گشتی بداتە ئەکتەرەکان تا بە ئازادییەکی زیاتر و بەجۆرێکی پڕ دەربڕینتر لە فەزای شانۆدا بجووڵێنەوە" (Leach,2004,73) لە وەسفێکیشدا، کە مییرهولد بەراوردی کاری خۆی و کاری خەڵکی دی دەکات، ئاماژە بە ستانیسلاڤسکی مامۆستای گەورەی خۆی دەکات، دەڵێت:" دەتوانم ڕۆڵێکی شانۆیی وەها بگیڕم تێیدا ئازار بچێژم و بە فرمێسکی ڕاستەقینەشەوە بگریم، بەڵام ئەگەر ئەو دەربڕینەم هاوتا و هێندەی نییەتی ناخم نەبێت، ئەوا هەست و سۆزم هیچ کاریگەرییەکیان نابێت، ئەگەر هەست و سۆزیشم ئەوزار و کەرەستەی پێویستی گواستنەوە و گەیاندنی شایانی نەبوو، ئەوا ڕاهێنانە جەستەییەکانی بیومیکانیک ئامانجی ئەوەیە, ئەو نەبوونی و دەستکورتییە چارەسەر بکات" (Braun,1988,176) سەرباری ئەوەی کۆمەڵێ ڕاهینانی داهێنابوو، کە کاریان لەسەر ئامادەکردنی جەستە و بیرکردنەوەی ئەکتەر دەکرد، کەچی ئەو ڕاهێنانانە لەوەشدا هاریکاربوون, هەڵە باوەکانی ناو ئەکتەرانیش ڕاستبکەنەوە، یانیش ئەو هەڵانەی لەکاتی نواندنی شانۆگەریدا ئەکتەر تێیان دەکەوێت. ئەوەش لەکاتێکدایە، کە ئەکتەر بتوانێت لە جەستەی خۆی تێبگات و بشزانێت بە چ شێوازێک لەسەر تەختەی شانۆ دەجوولێتەوە.

## 2-جووڵەی بیومیکانیکیی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ:

تەوەری سەرەکیی میتودی بیومیکانیک، جووڵەیە و مەبەستیشمان جووڵەی ئەکتەرە، چونکە بە ئەوزاری بنەڕەتیی دەربڕینی سەر تەختەی شانۆ دادەندرێت. هەر لەبەر ئەوەیە، مییرهولد هەموو گرنگییەکی خۆی بە جووڵە بەخشیوە و، وەک ئەوزار و کەرەستەیەکی بەرایی دەربڕین، بە ئامانجی هەرە بەرایی ناو تیۆرکارییە دراماییەکانی دادەنێت، لەبەرئەوە مییرهولد دەڵێت:" جووڵە بەهێزترین ئامرازی دەربڕینی شانۆییە" (pitches,2003,68)،هەروەک چۆن ئەکتەر لە شانۆی مییرهولدا پێش ئەوەی پشت بە وشە ببەستێت, پشت بە جووڵە و ئاماژە دەبەستێت، بۆیە ئەو جووڵانە لەسەر تەختەی شانۆ یەکجار گرنگن و، بگرە ئەو جووڵانەی پەیوەستی یەک لە ئەندامەکانی جەستەشن، کەچی جەستە بەگشتی بەشداری پیادەکاریی ئەو ئەندامە دەبێت، چونکە" هەموو جووڵەیەکی دەست وەک وشە

پێویستە. بۆیە ئەکتەر دەبێت دەستی بەسەر ژمارەیەکی زۆری ئاماژەدا بشکێت و، دەبێت لە یاساکانی گونجان و هەماهەنگیی جەستە و ئەو کەرەستانەی لەبن دەستیدان شارەزابێت، واتە، جەستە و ئەو کەرەستانەی لەسەر تەختەی شانۆدا هەن و ئەو جلوبەرگ و کەلوپەلانەی هەن" (یوسف،1988،174). مییرهولدیش، لەو ڕێنمایی و ڕێوشوێنانەی بە ئەکتەرەکانی دەگوت، هەر ئەوەی بۆ ڕووندەکردنەوە، کە" جووڵە لەسەر تەختەی شانۆ بەهێزترین ئامرازی دەربڕینە. شانۆ بێبەش بکە لە دیالۆگ، جلوبەرگ، ڕووناکی، تەلار، هتد.. بەڵام ناتوانرێت لە ئەکتەر و ئەو جووڵانەی, کە پرۆڤەی لەسەر کردوون بێبەش بکرێت، چونکە هیچی دیکە نامێنێتەوە-: لەبەرئەوەی ئەکتەر لەڕێی جووڵە و ئاماژەکانییەوە وێنە و یادەوەری و هۆکارەکانی بۆ جەماوەر دەگوازێتەوە"(Marjorie L,1974 ,84)." ئەگەر ئەکتەر لای ستانیسلاڤسکی، لە دروستکردنی ئەو کەسایەتییەی ڕۆڵەکەی دەبینێت، بە توخمی خەیاڵ دەستپێبکات و پشت بە هەستی ناوەوەی ببەستێت، ئەوا ئەکتەر لای مییرهولد، بۆ گەیشتنە ئەو هەستە بە جووڵە و ڕیتم دەستپێدەکات، کە میتودەکەی خۆی لەسەر بنیاتناوە و، سەرنجی ئەکتەرەکانیشی بەرەو ئەوە ڕاکێشا، کە لە سەرەتاوە پێویستیان بەو دەر و ژوورەی هەست نییە و، دەبێت لە جووڵەی دەرەوەوە دەستپێبکەن و دواتر هەستی وردی ناوەوە،( هەستی پاک) یان نموونەیی بێتەگۆڕێ، ئالێرەوە، مییرهولد وای دانا، هەر شتێک لەسەر تەختەی شانۆ بە جووڵە دادەندرێت، لەبەرئەوە هەر دەر و ژوورێکی هەست بە کرۆکی بیومیکانیک دادەندرێت، کە لێرەدا میتودی هونەری لە نواندنی ئەکتەردا لەوەیدایە، بنیاتێکی پەیوەندیی جەدەلیی نێوان توانا جەستەییەکانی و هەستەکانی ناوەوەی بێت "(الکاشف،2019،260). چونکە مییرهولد باوەڕی تەواوی بەوە هەبووە، بۆ گەیشتن بە هەستەکانی ناوەوە، تاکە ڕێگا توانا جەستەییەکانی ئەکتەرە, کە توخمی سەرەکی و گرنگی سەر تەختەی شانۆیە. جەستەی ئەکتەر, کە دەکاتە کەرەستە هونەرییەکەی.( تا جەستەی ئەکتەریش ببێتە کەرەستەیەکی هونەری، دەبێت ئەو جەستەیە ببێتە دیاردەیەکی جووڵاو. ئەوەش مانای وانییە لەسەر تەختە بینراوەکە بە ئارەزووی خۆی بجوولێتەوە، بەڵکو دەبێت جەستەی ئەکتەر لەژێر یاساکانی جووڵەی سەر تەختەی شانۆ دابن)(مایرهولد,19,2011)، مییرهولد لەسەر جێبەجێکردنی یاساکانی جووڵەی فیزیاییش مکوڕبووە و، ئەو جووڵە دەستکردانەش ڕەتدەکاتەوە و وەلادەنێت, کە ئەکتەر لەخۆڕا و بەگوێرەی ئەوەی بە گونجاوی دادەنێت و لە تێڕوانینی خۆیەوە دەیانکات. بۆیە، مییرهولد لە لێکۆڵینەوە و تیۆریزەکردنەکانیدا پشتی بە بنەما زانستییەکان دەبەست و، لەوانەش یاسا فیزیاییەکان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک پێشتر باسمانکردن، لەو یاسایانەی میرهولد لە ڕێکخستنی پرۆڤەکانی بەکاریهێنان" یاسای بنچینەیی جووڵەی مرۆیی، کاتێ مرۆڤ ئارەزووی جووڵەیەک بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو دەکات، ئەوا سەرەتا و پێش ئەوەی بەرەوپێش بچێت و لە خاڵی بنەڕەتەوە بەرەو ئامانجێ دیاریکراو بڕوات، جووڵەیەک بە ئاراستەی پێچەوانە دەکات، ئەوەش بۆ هەندێك کردەوە بە ئاشکرا دیارە، بەرزکردنەوەی چەکوش پێش ئەوەی بەرەو بزمار دایبێنیەوە، یان هەنگاوێک بەرەو دواوە گەڕانەوە, پێش ڕاکردن، بۆ ئەوەی بەسەر جۆگەلەیەکدا بازبدەیت و، دەشکریت تێبینی ئەوە بکەین، کە ئەو یاسا ئۆرگانییە بەسەر هەموو دیاردەکان و لە هەموو جێیەکدا جێبەجێ دەبێت"(potter,2002,6). ئەوەی سەیری فیلمی وێنە جووڵاوەکانیش بکات، گەلێ جار جێبەجێکردنی ئەو یاسایە دەبینێت و، بگرە بەشێوەیەکی زێدەڕۆش، تا خۆشی و چێژێک بۆ بینەرە چکۆڵەکان دەستەبەر بکەن. سێرگی ئێزنشتاین*" باسی ئەو یاسایەی کردووە و نەخشەیەکی ڕوونکردنەوەی بۆ داناوە. کە ئارەزوو دەکەی جووڵەیەک بە ئاڕاستەیەکدا بکەیت، ئەوا سەرەتا جەستەت بە ئاڕاستەی پێچەوانەی ئاڕاستەی خوازراو ببەی ئەوەش، لە پرۆڤەکانی جووڵەی شانۆییدا، پێیدەگوترێت گەڕانەوەدوا. هەر ئەوەش یەک لە یاسا بنەڕەتییەکانە، کە لە هەموو ئاستێک و لە هەموو جۆرە جووڵەیەکی دەربڕین جێبەجێ دەکرێت. لە بواری زانستی و لە سادەترین شێوەکانی سەر تەختەی شانۆدا" گەڕانەوەدوا" لەوانەی خوارەوە پێکدێت: کە دەتەوێت لە خاڵی (A) بچیتە خاڵی (B)، ئەوا لەسەرەتاوە دەبێت بگەڕێیەوە دواوە بۆ خاڵی (C)ی دەکەوێتە ئاڕاستەی پێچەوانەی خاڵی (B) ئەوجا مەودایەکە بەرەو خاڵی (C)ی ببڕیت و، بەئاڕاستەی پێچەوانەوە بجوولێیت و، جارێکی دی بەخاڵێ (A)دا تێپەڕی تا دەگەیت بە خاڵی (B)، ئیدی ڕێڕەوی (ABC) دەستەبەردەبێت" (Law,Gordon,1996,192-193)

---

* سێرگی میخائیلۆڤیچ ئێزنیشتاین"Sergei Mikhailovich Eisenstein "( 1898-1948). لە دەرهێنەرە مەزنەکانی سینەمایە لە ڕووسیا و لە دنیاشدا، لە خولی یەکەمی وۆرکشۆپی دەوڵەتیی باڵای دەرهێنەران، یەک لە قوتابییەکانی میرهولد بووە و ڕاهێنانی سەبارەت بە بنەماکانی بیومیکانیک وەرگرتووە و دەستی بە چالاکیی شانۆیی کردووە. بەشداریی لە دەرهێنانی شانۆگەرییەک کردووە, کە دیمەنەکانیشی دیزاین کردووە، ئەوەش پێس ئەوەی پەیوەندی بەو قوتابخانەیەی دەرهێنانەوە کە میرهولد بەڕێوەی دەبرد. پاشان ڕووی لە هونەری سینەما کرد، گرنگترین فیلمیشی "زرێپۆشی پۆتیمکین"ە BattleshipPotemkin.https://en.m.wikipedia.org/wiki/Sergei_Eisenstein

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




ئەگەر بچینەوە سەر کرداری گەڕانەوەدوا، یان یاسای گەڕانەوەدوا، دەبینین توخمەکانی ناوی خۆیان هەیە، کرداری گەڕانەوەدوا دەست بە جووڵە کردنە و، ئەو جووڵەیەش کرداری تێپەڕینی ئەکتەرە لە خاڵی C کە لە نەخشەکەدا هەیە بەرەو خاڵی B کرداری ڕێوانی جووڵەکە و بەردەوامییەکەی بە ڕوسی پێیدەگوترێت (پاسیل Pasil) و دەکەوێتە نێوان گەڕانەوەدوا و ئامانج کۆتاییەکەی، چونکە یاسای بنچینەیی بیومیکانیک، سەبارەت بە جووڵە دوای یەکەکان، پێکدێت لە: گەڕانەوەدوا( ئۆتکاز Otkaz) و کردەی بوون و بەردەوامی جووڵە (پاسیل Pasil) و ئامانج (ستۆیکا Stoika) لە بەدوای یەکداهاتنێکی ڕێکیش ڕیتمێکی ڕێک دروستدەبێ" (جاف،109,2013) و ئەو توخمانەش، لە هەر ڕاهێنانێکی (بیومیکانیک)ی مییرهولد لەو وۆرکشۆپانەدا بەکاریدەهێنان، کە بۆ ئەو ئەکتەرانەی ئامادەدەکرد.

هەروەکچۆن هەر ئەکتەرێک وۆرکشۆپێکی میتۆدەکانی بیومیکانیکی میرهولدی بڕیبێت، ئەوا ئەو توانایەی دەستدەکەوێت، کە ئەو پرۆڤە یان ڕاهێنانە ئەدا جووڵەییەی، خۆی لەسەر ڕاهێناوە و پێویستی ئەو کەسایەتییەشە لەسەرشانۆ دەینوێنیت و، وەبەربێنێت، ئالێرەوە بۆ ئەکتەرێکی، کە بیەوێت لە ئەدای ڕۆڵ و ئەو جووڵە جەستەییانەی لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەشیان دەکات، ورد و دروست بێت، ئەوا ڕاهێنان لە وۆرکشۆپێکی بیومیکانیکیدا دەبێتە کارێکی زۆر پێویست، چونکە" بیومیکانیک بنەمای بنچینەیی ئەدای شیکاریی وردی هەر جووڵەیەک پێکدێت، وێڕای جیاکردنەوەی جووڵەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی تەواوی وردەکاریی و نموونەیی" (جاف،108,2013)، کارەکەش هەروا ئاسان نییە و هەموو ئەکتەرێکیش ناتوانێت ئەو لێوەشاوەییانە بەدەستبێنێت، ڕەنگە ئەکتەری ئاسایی نەتوانێت ئەو ڕاهێنانانە ببڕێت، کە مییرهولد دایناون، چونکە بیومیکانیک وەک بنەمایەکی جووڵەیی" پێویستی بە چڕبوونەوەیەکی زۆر گەورەی وردی فیزیای دەرەکیی ئەکتەر و، هاوسەنگی و، خۆڕاگری و بەرگەگرتن هەیە"(حمزە,135,2021) ئێزنیشتاین، کە یەک لە قوتابییەکانی مییرهولد بووە، لە بیرەوەرییەکانیدا دووپاتیدەکاتەوە ( ئەو جووڵەیەی لە بەشەکانی بیومیکانیک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵێنجراوە، لەگەڵ ئەو دوو تێزەدا هاوتا و گونجاوە, کە بریتین لە: 1- بیومیکانیک بە گشتی پشت بەو ڕاستییە دەبەستێ و پێیوایە, ئەگەر سەری لووت بجوولێ ، ئەوا هەموو جەستە دەجوولێ. 2- هەر ئاماژەیەک دەرەنجامی کاری جووڵەی هەموو جەستەیە. (Полищук,2010,18 ) ئەو ئەرکەی دەخرێتە سەرشانی ئەکتەریش ئەوەیە، دەبێت لەبیرببێت بەراییەکانی کاری ئەو، وەک ئەکتەرێکی شانۆیی، هاوئاهەنگی جەستەیە، تا دەگاتە بەگەڕخستنی دینامیکی جەستە بەگشتی، وەک وەگەڕخستنێکی جووڵەیی. ئەوەش مانای وایە، بیومیکانیک لەکاتی جووڵاندنی ئەندامێکی جەستەدا، پێویستی بە جووڵەی هەموو جەستە هەیە، جا ئەگەر" سەری لووت جووڵە بکات، ئەوا جەستەش بەگشتی دەجووڵێت و ئیدی هەر هەموو جەستەی ئەکتەر بەشداری لە کاری ئەندامی هەرە بچووکی لەش دەکات و، دەبێت ئەکتەر پێش هەموو شتێک  هاوسەنگییەکی تەواوی جەستەی بە کەمترین شڵەژان دابینبکات، تا جەستە بەگشتی کاربکات"(Vallin,2017,77)  چونکە پەیوەندییەکی جەدەلی لەنێوان مییرهولدی دەرهێنەر و جەستەی ئەو ئەکتەرەدا هەیە، کە کاری لەگەڵدا دەکات. بە تێڕوانینی مییرهولدیش" ئەکتەر بوونەوەرێکی خاوەن جەستەیە و دەکرێت بە جەستە دەربڕین بکات و، پێیوایە کاری ئەکتەر لە چەقی پیادەکارییە شانۆییەکانە و، کلیلی تیۆریزەکردنی شانۆش تیۆریزەکردنی جەستەی ئەکتەرە. مییرهولد جەستەی ئەکتەریش وەها پێناسەدەکات: یەکەیەکی پێکبەستراوی چالاکە لە بنیاتی ئەداکردندا، ئەوەش لەڕێی شێوە ماددییە تایبەتییەکەی دەبێت پێویستە ئەکتەر تێبگات و بە شێوەیەکی گشتگیر مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکەدا بکات، ئەوەش کارێکی موجەڕەد و ئەودیوی سروشت نییە، بەڵکو کارێکی بەرجەستەیە، ئیدی ئەو کات دەبیت ئەکتەر لە کارێکی شانۆیدا وا پێناسە بکرێت، کە" پێکهاتەیەکە بۆ بەرهەمێکی گشتیی و، دەبێت لە جەستەی خۆی تێبگات و هەستیشی پێبکات"(Skinner,2015,67 ). ئەوەش تەنیا بە جووڵە گشتییەکانی ئەکتەر دەستبەردار نابێت، وەک ئاشکرا و دیارە، کار و کاردانەوە هەیە و، جووڵە هەیە و جووڵەی پێچەوانەش هەیە، بۆیە" دۆخە ماددییەکەی ئەو ماددە باش ڕاهێنراوە، دەبێتە بنەڕەتی سیستەمی نواندنمان. بگرە جووڵە پێچەوانەبووەوەکانیش بەجۆرێکی سەیر ڕێکوپێک (Law,Gordon,1996,136) کاردانەوە بۆ هەر کارێک گونجاوە و دەربڕینی کرداری ناوەکیی ئەکتەرە، چونکە" کاردانەوە مانای هەنگاوێ گەڕانەوە دواوە بێ و لەوانەشە بتوانیت پێنج هەنگاو بکشێتەوە، لە هەردوو بارەکەدا جووڵەکە کاردانەوەیە، بەڵام جیاوازی لەنێوان هەردوو جووڵەکەدا هەیە، وا باشتریشە کار یان جووڵە بە کەمترین ماندووبوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکرێت، بەمەرجێک بەجۆرێک بێت مەبەستەکە دەستەبەربکات" (Law,Gordon,1996,197) ئەوەش مانای وایە، دەبێت ئەکتەر دەست بەو هەوڵەوە بگرێت، کە بۆ ئەدای جووڵەیەک خەرجی دەکات، بە واتایەکی دیکە "دەبێت جووڵەیەکی دیار و ورد بە هەوڵێکی کەم دەستەبەربکات، بەو جۆرەش ئەکتەر نەرمی و لەبارییەکی جەستەی ئەوتۆی دەبێت، کە بتوانێ هاندانێکی پەرچەکرداری و کاردانەوەیەکی جەستەیی هاندراوی خێرای لەلا دروستبکات"(أرميا،110،2016)لەکۆتاییدا، دەبێت ئەکتەر ئەوەی لەبەرچاو بێت، بۆ کارکردن لەسەر دینامیکیەتی جەستە, دەبێت بەسەر جووڵەی خۆیدا زاڵبێت، لەوانەش جووڵەی گەڕانەوەدوا، دەبێت شارەزای ماددەی بنەڕەتی و پێویستی هەر ئەکتەرێک بێت، کە ئەویش ڕاهێنانەکانن لە ئیتودەکانی بیومیکانیك، وا لە جەستەی دەکات بەدەم ئەو جووڵە شانۆییانەوە بێت.

3– ڕاهێنان لە ئیتودەکانی* بیومیکانیک

وەک ئەوەی لە پێشوتردا ئاماژەمان پێکرد, تەوەری سەرەکی میتودی بیومیکانیک، پشت بە جووڵەی ئەکتەر دەبەستێت، تا جەستەی ئەکتەریش بتوانێت ئەو جووڵانە بگەیەنێت، ئەوا دەبێت هەندێ سیفاتی باڵای هەبێت و، بۆ هەڵبژاردنی جووڵەی گونجاو بۆ دەربڕین، دەبێت پشت بە تەکنیکێکی نموونەیی ببەستێت، چونکە ئاستەنگەکانی هونەری نواندن لەوەیدایە، ئەکتەر ماددەکەی خۆی لە نواندنی شانۆییدا ڕێکبخات" واتە توانای سوود وەرگرتنی بەشێوەیەکی دروست لە کەرەستەکانی دەربڕینی جەستەی خۆیدا هەیە، ئەکتەر لە هەمان کاتدا هەم ڕێکخەری ماددەیە و هەمیش خۆی ئەو ماددەیەیە, کە جەستەی خۆیەتی. کەواتە جووڵە لە ئەنجامی کاری هەموو جەستەدا پەیدا دەبێت"(Potter,2002,5)، ئەوەش ئەو ڕاهێنانانە بەسەر ئەکتەردا دەسەپێنێت، کە ئامادەیدەکەن تا

*ئیتود" Etude" زاراوەیەکە لە بنەڕەتدا لە بواری موزیکدا بەکاربراوە. بەپێی فەرهەنگی وێبستەر Webester ئیتود پارچە مۆسیقایەکی کورتە، میوزیسیان سەرمەشق و ڕاهێنانی لەسەر دەکات، بەمەبەستی دەستبەرکردنی کارامەیی و زاڵبوون بەسەر تەکنیکەکانی ژەنین. پاشتر زاراوەی ئیتود گوازراوەتەوە بۆ ناو بواری شێوەکاری و شانۆ بەگشتی و هونەری نواندن بەتایبەتی. بە گوێرەی ویکیپیدیای ڕووسی زاراوەی ئیتود سکێچێکی کورتی مەشق و ڕاهێنانە لەسەر تەکنیکەکانی نواندن. لە ڕێگەی ڕاهێنان لەسەر ئیتود، ئەکتەر دەتوانێت کارامەیی لە هونەری ئیمپرۆ و هونەری گێرانەوە بەدەستبێنێت. لەبواری ڕاهێنانی ئەکتەردا، دوو جۆر ئیتود هەیە: ئیتودی تاکەسی و ئیتود لەگەڵ ئەکتەرێک(پارتنەر)ێکی دیکە، یان لەگەڵ چەند ئەکتەرێکدا.https://ru.wikipedia.org/wiki/Этюд_(театр

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەستەی بەباشترین شێوە بخاتەکار، بە واتایەکی دیکە" دەبێت ئەکتەر ڕاهێنان بە ماددەکەی (جەستەی) بکات، تا ئەو ماددەیە بتوانێت یەکسەر ئەو ئەرکە جێبەجێکات، کە لەدەرەوەوە دەخرێتە سەرشانی, چ لەلایەن ئەکتەرەکەوە و چ لەلایەن دەرهێنەرەوە، چونکە هونەری ئەکتەر بریتییە لە هونەری شێوە پلاستیکییەکانی فەزا "(Braun,1988,173) شارەزایی تەواوی کار و کاردانەوە شانۆییەکانیش پاڵ بە ئەکتەرەوە دەنێت، کار یان کاردانەوەی هەرە باش هەڵبژێرێت، بەڵام بەو مەرجەی جووڵەی جەستەی ئەکتەر کاردانەوەیەکی ڕووت نەبێت، ئەوسا ئەکتەر دەتوانێت" بەچاوێکی جووڵاوی سەرەکی جێگیر بەدوای قەبارەیەکی جووڵاودا بچێت، یانیش لەڕێی جووڵەی سەر و دوو چاوی جێگیرەوە و، یانیش لەڕێی کۆکردنەوەی هەردوو پیادەکردنەکە، ئەو کارە بکات. لە هەر دۆخێکیشدا بەدەمەوەهاتنی زۆر جیاواز هەن، بەڵام دەکرێت، ئەگەر ئەو زانیارییانەی وەریاندەگرێ هەمان زانیاری بن، ئەوا وشیاریی و ئاگاداربوون لە جەستەی جووڵاویش هەمان وشیاریی و ئاگاداربوون بن"(Paavolainen,2012,71) ئەوەش وادەگەیەنێت, کە هەر جووڵەیەک لە جووڵەکانی ئەکتەر کاردانەوەیەکی خۆی هەیە، ئیدی (کە ئەکتەرێک بە بیومیکانیکی لەسەر تەختەی شانۆدا دەڕوات، هەمیشە جۆرە کاردانەوەیەکی هاواڵە ئەکتەرەکانی لە ڕوودا پەیدادەبێت). (Pitches،2003،116). جا ئەگەر جەستەیەکی بەهێز و خاوەن نەرمونیانیی ئەدای جووڵەکانمان نەبێت، ئەوا ناتوانین جووڵەی جەستەیی داواکراو لەسەر تەختەی شانۆ پیادەبکەین، وەک میێرهولدیش دەڵێت:" ئەگەر دەست و قاچی بەهێزتان نەبێت، مافی ئەوەتان نییە بچنە سەر شانۆ" (مایرهولد،144،2011).ئەوەش مانای وایە, دەبێت ئەکتەر ڕاهێنان بکات و بەسەرپەرشتیی تایبەتمەندانی ئەو بوارە تا ئەکتەر توانا جەستەییەکانی لە بواری جووڵەدا پەرەپێبدات، میێرهولدیش پەرۆشی ئەوەی بوو, لە ڕاهێنانەکانی ئەکتەراندا پشت بە ئێتودەکانی بیومیکانیک ببەستێت، چونکە پێیوابوو" بیومیکانیک، تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسە لەوەی شێوەیەک لە شێوەکانی ڕاهێنانی جەستەیی ڕێکوپێک بخرێتە پرۆگرامی خوێندنی هەموو قوتابخانەکانی درامای سۆڤیەتی"(Braun,1987,135). میێرهولدیش کۆمەڵێ ڕاهێنانی هەڵبژارد یان بە تێڕوانینی ورد و بیری گەشی خۆی دایهێنان، بەو مەرجەی" ئەو مەشق و ڕاهێنانانە هەموو توخمەکانی جووڵەی شانۆیی و ئەو حاڵەتە زەینییەی میێرهولد لە هەر ئەکتەرێکی شانۆییەکەی دەوێت، لێکتریان گرێبدات. بەجۆرێکی وەها, ئەکتەر بتوانێت هەموو جەستەی وەک ئامێرێکی مۆسیقا بەکاربێنێت و بیژەنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێت ئەقڵ و جەستەیشی لە هاوگونجانێکی تەواودابن. ئەوەی ئەقڵیشی درکی دەکات، دەبێت بتوانێت بە دەربڕینی جووڵەی یان نەجوولانی جەستەی دەریببڕێت" (Leach,2004,234). ڕاهێنانەکانیش تەنیا بە جەستەی ئەکتەرەکان نەوەستا و مییرهولد، لە ڕاهێنانەکاندا، پەنای بۆ بەکارهێنانی هەندێ کەرەستە برد، وەک داردەست و تۆپی یاری، ئەو ڕاهێنانەش، سەرباری بنیادی ئامادەباشیی جەستەیی ئەکتەر، هاوسەنگیی ئەکتەریشی جێگیرتر دەکرد،" مییرهولد زۆرجاران بۆ وشیاریی زیاتری ئەکتەران، تۆپ و داردەستی لە کارەکانیدا بەکارهێناوە و، هاوسەنگیی پێ دەوڵەمەند کردووە و وزەی پێ بەهێز کردووە و خستنەبارێکی دیکەی ئەو هاوسەنگییەش بۆ جۆرێکی دیکەی هاوسەنگی "(Potter,2002,10 )، مییرهولد هەوڵیدا کاتی خۆی بۆ دۆزینەوە و دەرخستنی کۆمەڵە ڕاهێنانێک تەرخانبکات، کە بیانکاتە پەیڕەوی ڕاهێنانی قوتابییەکانی. گرنگترین فۆرمەکانی پلاستیکای جەستە لە بیومیکانیک لای مییرهولد ئەوەیە، کە لەسەر" جووڵەیەکی ڕیتمی بە چەندەها شێوە وەستانی دینامیکی(Dynamic Poses) چڕ، کە مۆسیقا و دووپاتکردنەوەی بێدەنگییەکی دەربڕینێکی درامایی هەبێت، لەگەڵ جووڵەکەدا بێت، هەموو ئەوانەش پێویستیان بە ئەکتەرێکی ڕاهێنراوی نەرم هەیە، کە خۆشهەڵچوونییەکی جووڵەیی لە خۆوە هەبێت"(حمزە,135-136,2021). لێرەدا جەستە لە کاتە وەستاوەکانیشدا یاخود پشوە کورتەکانیشدا لە دۆخی دینامیکیەت دایە . تا ئەکتەریش بگەیەندرێتە پلە و ئاستێکی نەرمیی و خۆش ئەدایی و ڕێک نواندن، دەبێت بە کۆمەڵێ ڕاهێناندا تێپەڕێت، کە ئەو نەرمی خۆش ئەداییە و" لە خۆوە" تلقائیة" یەی بۆ دەستەبەربکەن. مییرهولدیش، دوای زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ، کۆمەڵێ ڕاهێنانی پەیڕەوکرد، ئەگەرچی بۆ ئەو ڕاهێنانانەش سوودی لە بنەماکانی زانست وەرگرت" ناوی لە ڕاهێنانەکان نا( ئیتود Etude ) کە لەسەر بنەمایەکی تەکنیکی دانرابوون و ڕێکخرابوون و وەک یەک بە هەردوو باری پیادەکردنی تەکنیکی و بەهای هونەریش جێبەجێ دەکران، واتە وەک ئەو پارچە مۆسیقا پەرەپێدراوانەی هەر یەکە چیرۆکێکیان هەبووە، جووڵەکانیش هەر یەکە و چیرۆکێکی جووڵەیی سادەیان هەبوو، وەک: تیروکەوان، بەردهاوێشتن، لێدان بەخەنجەر، زنجیرەیەک جووڵەی دیاریکراویشی لەخۆدەگرت، کە بۆ لێکدانی هەموو توخمەکانی جووڵەی شانۆیی و ئەقڵ داهێندرابوون و، مییرهولدیش هەر ئەوەی لە ئەکتەر دەویست"(potter,2002.12)) واتە ئەو ڕاهێنانانەی مییرهولد بۆ ئەو ئەکتەرەی دواڕۆژ دایناوون، ئەو خوازیاری بوو، زۆر پێویستبوون" جۆناسان بیچس لە کتێبی ڤسیڤولود مییرهولد دا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەڵێت: " جارێکیان لە( ئەلیکسی لێڤانسکی*)م پرسی، کە یەک لەو دوو مامۆستایە ڕوسیەی شارەزای بیومیکانیک بوون، بێجگە لەو ڕاهێنانانەی لە ئێتودەکاندا هەن، ئەکتەر دەبێت چیی دیکە بکات؟ گوتی: " هیچ، ئەوانە هەموو ئەو شتانەن، کە ئەکتەر پێویستییەتی"، مشتومڕی لەسەر ئەوە دەکرد, ئەو پێنج ڕاهێنانە مەشقێکی گشتگیر دەدەنە ئەکتەرەکان" (Pitches,2003,126). بۆ دڵنیابوونەوەش لەو ڕایانەی دەربارەی ئەو ڕاهێنانانە هێنامانەوە، قسەیەکی ئیگۆر ئیلینسکی** دەربارەی ئەو ڕاهێنانانەی لەگەڵ میرهولدی مامۆستای کردوونی، بە بەڵگە دێنینەوە، کە دەڵێت:" خەڵک پێیانوایە بیومیکانیک لە بنچینەوە تاڕادەیەک بە یارییە( ئەکرۆباتیک)ەکان دەچێت و باشترین وەسفێکی بۆیان کردبێت ئەوەیە، کە دەڵێن: زنجیرە فێڵێکی شانۆییە، وەک گوێبادانی هاوڕێکەت، یان خۆهەڵدانە سەر سینگ و، ئیدی ئەو جۆرە جووڵانە و، زۆربەی خەڵکەکە نازانن میتودی بیومیکانیک لە نواندندا بە زنجیرە ئامێرێک دەستپێدەکات، کە بۆ ئەوە دروستکراون تا لە پانتایی شانۆدا بە باشترین شێوە بەسەر جووڵەکانی جەستەدا زاڵبی و بەردەستیان بکەی، بەتایبەت ئەو جووڵانەی پەیوەستی تەکنیکی نواندن و، کێشەی پەیوەستی هاوئاهەنگیی جووڵەکان و وشە و توانای ئەکتەرن لە بەردەستکردنی هەست و سۆز و بەدەستەوە هاتنی ئەدای شانۆیی" (Braun,1988,176-177). گرنگترین ڕاهێنانە بیومیکانیکییەکانی میرهولد لە وۆرکشۆپە شانۆییەکەیدا بەکاریدەهێنان، پێنج ڕاهێنان بوون،

---

*ئەلیکسی لێڤانسکی "Alexey Levinsky"( -1947) لەو کارکردە چالاکە دەگمەنانەی دنیایە، لە 1971تا 1975، لەسەر دەستی نیکولای کۆستوف ڕاهێنراون، کە ئەویش هاریکاری میرهولد بووە. ئەلیکسی بە پسپۆڕێکی کارکردە دادەندرێت، وەک مامۆستاو دەرهێنەر لە مۆسکۆ کاردەکات، ورکشۆپێکی تایبەت بە بیومیکانیکی میرهولدی هەیە و بەڤیدیۆ تۆمارکراوە و لەوی باسی پەیوەندیی خۆی و مامۆستایەکەی دەکات، لەوێ چیی دەربارەی بیومیکانیک فێربووە پێشکەشی دەکات، هەر لە کارکردن بە داردەست هەتا جووڵەی هەردوو پێیەکان و هاوسەنگی و لێزانیی و ڕسوورانەوە سادەکان. ئەو دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری هونەریی ستۆدیۆیەکە- شانۆیەکە- بووە و ساڵی 2001بووەتە ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی خەڵاتی "دەمامکی زێڕین"ی شانۆی نیشتمانی.https://prabook.com/web/mobile/#!profile/3717933

**ئیگۆر ڤلادیمیرۆڤیچ ئیلینسکی " Igor Vladimirovich Ilyinsky" (1901-1987)، لە مۆسکۆ لەدایکبووە و، لە شازدە ساڵی دەچیتە ستۆدیۆی شانۆی تیۆدۆر کۆمیسارجێفسکی "Theodore Komisarjevsky". ساڵی1920چووە پاڵ شانۆی فیسفۆلد میرهولد، هەر خێرا بووە ئەکتەری سەرەکیی ئەو شانۆیە. چووە پاڵ شانۆی مالی و نزیکەی پەنجا ساڵێک لەوێ مایەوە، لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەچەند فیلمێکدا دەرکەوت. https://en.m.wikipedia.org/wiki/Igor_Ilyinsky

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەش بەپێی دووپاتکردنەوەی ئەلیکس لێڤانسکی، کە دەڵێت:" بەپێی بنەمای بیومیکانیک، پێنج ڕاهێنان بەڕاستی زۆر پێویستن، ئەوانیش: بەردهاویشتن و شەقازلله و خۆهەڵدانە سەرسینگ و تیروکەوان و، لێدان بە خەنجەر"(Hodge,2001,47) یەک لە قوتابییەکانی میێرهولد( ئیراست گارین***)ە، باسی ڕاهێنانی تیروکەوان دەکات و، دەڵێت: " قوتابییەک ئەو ڕاهێنانانەی بە خەیاڵکردن و، بێ کەرەستەکانی ئەو کارە، جێبەجێ دەکرد. بە دەستی چەپ کەوانەکەی هەڵگرتبوو، جا لە ڕۆیشتن و ڕاکردنیشدا شانی چەپ هەر لەپێشەوە بوو، کە قوتابییەکە بۆ تیر تێگرتنە ئامانجەکە ڕادەوەستا، جەستەی خۆی بە هەردوو قاچەکانی هاوسەنگ دەکرد. بە دەستی ڕاست جووڵەیەکی فراوانی دەکرد، تا تیرێک لە تیردانەکە دەرکێشێ، کە بە قایشێکی خەیاڵی بە پشتی ئەکتەرەکەوە کرابوو، دواتر جووڵەی دەستەکە دەگوازرایەوە بۆ هەموو جەستە، واتە قورسایی جەستە دەخرایە سەر ئەو قاچەی لە دواوەبوو. هەر ئەو دەستە تیرەکەی دەخستە کەوانەکە، جا قورسایی جەستە دەگوازرایەوە سەر قاچی پێشەوە و، تیرەکەی بەرەو ئامانجەکە ڕادەگرت، کەوانەکە لە چەقی قورساییەوە ڕادەکێشرا و قاچی ڕاست بەرەودواوە دەکشایەوە و ئیدی تیرەکە دەردەچوو، ئەو ڕاهێنانەش بە هەڵبەزینەوەیەک و هاوارێک کۆتایی دەهات. ئەو بەدوای یەکدا هاتنی ئەو زنجیرە جووڵە نواندنە پێکبەستراوانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهێنانی بنچینەکانی ئەدای ئەکتەردا هەبوو، ئەرکە ئاڵۆزەکەش لە لێزانی وردیی تەواوی ماددەی نواندنەکەدا بوو، واتە لە جەستەی ئەکتەردا، جا میێرهولد داوای لێ دەکردین چ لە بۆشایی-فەزا- و چ لە جووڵەدا، بە چەقێکی کێشکردنی وشیارانە و بە ڕوونی و بە وردی درک بە جەستەی خۆمان بکەین، تەنانەت ئەو کاتەی لە باری ڕاوەستانیشداین، وەک دەرەنجامی جووڵە درک بە ئاماژەکان بکەین"(Law,Gordon,1996,140- 141) ئەگەر ئەوە وەسفی یەک لە قوتابییەکانی بێت بۆ ڕاهێنانی تیروکەوان، ئەوا میێرهولد" وەسفی ئەو بەدوای یەکدا جووڵەیەی نواندنی ئەو ڕاهێنانە، کە بەیەک لە ڕاهێنانە کۆنەکانی دادەندرێت، وەها دەکات, کە نموونەیەکە بۆ ئەو بەدوای یەکدا هاتنە، چونکە پێکدێت لە: " ورەبەرزی، پاساودان، کاردانەوە".( Braun,2016,252) چونکە ڕاهێنان لەم ئیتودانەدا

***ئیراست پاڤلۆڤیچ گارین Erat Pavlovich Garin "( 1902-1980) ئەکتەر و دەرهێنەر و سیناریۆنووسێکی ڕوسییە، شانبەشانی ئیگۆر ئیلینسکی و سێرگی مارتنسۆن کاریکردووە و، ئەو یەک لە دیارترینی ئەو کەسانە بووە, کە پێشڕەویی ئەکتەرە کۆمیدییەکانی کۆمپانیای ڤسیڤۆلۆد میێرهولد و لە ساڵی 1977 نازناوی هونەرمەندی گەلی وەرگرتووە. گارین، بەردەوام لەگەڵ میێرهولد لە شانۆیەکەیدا کاری کردووە تا 1936. https://en.m.wikipedia.org/wiki/Erast_Garin

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموو ئەو" جووڵانەی تێدایە، کە ئیمکانە لە هەموو ڕۆڵێک بەکاریبهێنن،( وەستانی لابەلا، دەستپێکردن، کۆتاییهێنان بەجووڵە، پرۆسە، ریتم) هەموو ئەو پێشەگەرییەی تێدایە, کە ئەکتەر دەتوانێت بەکاریبهێنێت." (جاف، وۆرکشۆپ ،1999) هاوکات دەبێت ئەکتەر لە وۆرکشۆپێکی لەو جۆرەدا ڕاهێنانێکی باشی کردبێت، تا بەباشی بتوانێت جێبەجێی بکات، چونکە ئەو ڕاهێنانانە وردەکارییەکی زۆری ئەکتەریان تێدایە و دەتوانێت لە ئەداکردنی ڕۆڵە شانۆییەکەیدا بەکاریان بهێنێت. مییرهولدیش, کە دووپاتیکردەوە" دەبێت ئەکتەر ڕاهێنانێکی وشیارانەی بەکارهێنانی ئەو ڕاهێنانانەی پێ بکرێت تا بتوانێت بەرهەمە شانۆییەکەی بەتەواوی و بێ کەموکووڕی بنیات بنێت" (Law,Gordon,1996,234). بە پشت بەستن بە ڕای میخائیل کورینیف**** " دەبێت هەموو جووڵەیەکیش بنەمایەکی بەهێزی هەبێت، تا هەر توخمێک لە توخمەکانی ئەرکەکە خاڵێکی پاڵپشتیی تایبەت بەخۆی هەبێت، بگرە دەبێت سەرەتا و کۆتایی جێبەجێکردنی هەر ئەرکێک بەڕوونی بەدیاربخرێت. هەمیشەش دەبێت خاڵی چوونەدەرەوە دیاری بکرێت، چونکە هەر جووڵەیەک بریتییە لە زنجیرەیەک لەو خاڵانەی باسکران (Law,Gordon,1996 ,136). مییرهولد ئاماژەی بۆ ئەو ئامانجانە کردووە، کە لەو ڕاهێنانە سەختانەی دایهێنابوون چاوەڕێ دەکرێن، لەبەر ئەوە" ڕەنگرێژ کردبوون تا بگاتە دەستەبەرکردنی میتودە نوێیەکە، ڕاهێنانەکان گشتگیرن و هەر بە ڕواڵەتی دەرەوە ڕاناوەستن، بەڵکو دەبێت زانستێک لە ئارادابێت، کە لەڕێی جەستەوە فێرە بیرکردنەوەمان بکات، واتە بەکارهێنانی بەشێوە ڕواڵەتی و دەرەکییەکەی کاردانەوەیەک بێت بۆ هەڵسوکەوتە زەینییەکەی ئەکتەر، ئەوەش ئەو بنەمایەیە، کە میتودی بیومیکانیکی لەسەر دامەزراوە "(محەمەد،121,2014). کە دیارترین ئامانجی بیومیکانیکیش لەلای مییرهولد لەو ڕاهێنانانە، کە وەک کۆڵەگەیەک لە کۆڵەگەکانی میتودەکەی دابنابوون، دەستنیشانکرد" ئەو ڕاهێنانانە بە پلەی یەکەم بۆ دەستکەوتنی لێزانی بوون، واتە لێزانییە بنچینەییەکانی لێوەشاوەیی نواندن. وردەکاری و هاوسەنگی، هەماهەنگی و لێهاتوویی، ڕیتم، دەربڕین، بەدەنگەوەهاتن، چالاکی و پەیوەستی .(Pitches,2003,112) لێرەوە بۆمان

---

****میخائیل کورینیف میخائیلۆڤیچ Mikhail Korenev Mikhailovich) (1889-1980) دەرهێنەرێکی شانۆیی و مامۆستاش بووە. کە لە 1922پەیوەندیی بەتاقیگەکەی مییرهولد کردووە، ڕایسپاردووە پێناسەیەک بۆ بیومیکانیک دابنێ، لە شانۆی مییرهولدا لە ئەرکێک پتری جێبەجێ کردووە. هەتا داخستنی تاقیگەکەس لە 1929هەر کاری لەگەڵدا کردووە.
https://rgali-ru.translate.goog/?_x_tr_sl=auto&_x_tr_tl=en&_x_tr_hl=en-GB

دەردەکەوێت, هەموو ئیتودەکانی بیومیکانیک بۆ بە دەستهێنانی دینامیکیەتی جەستە ئاراستەکراون، کەواتە ئەکتەر بۆ ئەوەی لەسەر شانۆ باش بجوڵێتەوە، دەبێت بایەخێکی تەواو بە ڕاهێنانی ئیتودەکان بدات، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بتوانێت بچوکترین ئەندامی جەستەی بەکاربهێنێت. هەر ئەکتەرێکیش بە شێوازی مییرهولد کاربکات, دەبێت، پێش ئەوەی دەست بە نواندنی شانۆ بکات، بە شێوەیەکی پراکتیکی بیانزانێت.

## ئەنجامەکان:

1- هەموو دەرهێنەرەکانی لەو لیکۆلێنەوەدا ناویان هاتووە, پێش پرۆڤەی نواندنی شانۆیی پشتیان بە ڕاهێنانە جەستەییەکان بەستووە..

2-گرنگیدان بە کار و شیکردنەوەی کۆئەندامی جووڵەیی ئەکتەر و لیکۆلێنەوەی جووڵە و کات و شوێن و جۆری جووڵە, کاریگەریی ئەو ڕاهێنانەیان زیاتر کرد, کە ئەکتەر بۆ گەشەپێدانی پیادەکارییە جووڵەییەکانی پەیڕەویان دەکات.

3-کاتەکانی وەستان و بێ جووڵەیی، هیچیان لە کاتەکانی جووڵە کەمتر نییە و هێندەی ئەوان گرنگن، جوانیی نواندنیش هیچی لە لێهاتوویی شارەزایی ئەدای جووڵەیی ئەکتەر کەمتر نییە.

4-گەڕانەوەدوا (Otkaz ) لای مییرهولد یەکێکە لە یاسا بنچینەییەکان, لە هەموو ئاستەکان و هەموو جۆرە جووڵەیەکی دەربڕیندا جێبەجێ دەکرێت.

5-هەر جووڵەیەکی هەر بەشێک لە بەشەکانی جەستە بیکات، ئەوا کار لە هاوسەنگییە گشتییەکەی جەستە دەکات.

6- ڕاهێنان و پرۆڤەکردن باشترین کەرەستەیە, تا دینامیکی جەستە باشترین شێوازی بۆ دەربڕینی جووڵە دەستکەوێ.

7-دینامیکی جەستە پشت بە هەماهەنگیی نێوان جووڵەی دەست و ئاماژە دەبەستێت، ئەوەش پێویستی بەوەیە، ئەکتەر بەسەریاندا زاڵبێت.

8-پێویستە هەموو جەستە بەشداریی هەر جووڵەیەک بکات، ئەگەر ئەو جووڵەیە جووڵاندنی تاکە پەنجەیەکیش بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9- ڕاهێنانەکانی بیومیکانیک وا لە ئەکتەر دەکات, ئەدای جووڵە و جەستەی باشتر بکات و لێوەشاوییە بنچینەییەکانی نواندنی پێ دەبەخشێت، چ وردی و هاوسەنگی بێت, چ هەماهەنگیی دەبڕین و بەدەمەوەهاتن و پابەندی و ریتم بێت، جا هەموو ئەمانەش بە چوست و چالاکی و لێزانی پیادەدەکات.

10-ئەنجامی ئیتۆدەکانی میبرهولد پێنج ئیتۆد بوون، ئەوانیش: "بەردهاوێشتن، شەقازلە، خۆهەڵدانە سەر سینگ، تیروکەوان، لێدان بە خەنجەر" جوان پیادەکردنیشیان بەو هەموو ڕاهێنانانەیە, کە ئەکتەر دەیانکات.

## ڕاسپاردە و پێشنیاز:

1- توێژەر ڕاسپاردە دەکات، کە پێویستە سستەمی وۆرکشۆپ بۆ قوتابیان پیادەبکرێت، بەتایبەتی لەسەر میتودی بیومیکانیک لای میبرهولد.

2- پێوێستە گرنگی بە ڕاهێنانی ئەکتەر لەسەر بناغەی میتودی ڕێبەرانی شانۆ بدرێت، بۆ پەروەردەکردنی ئەکتەر.

3-پێویستە ئیتودەکانی بیۆمیکانیک بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندن، بۆ قوتابیانی پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەر، بەتایبەت ئیتودی (تیروکەوان، خۆهەڵدانە سەر سنگ، خەنجەرلێدان، بەردفرێدان، شەقازلە)، چونکە کلیلی بەگەڕخستنی دینامیکیەتی جەستەی ئەکتەرن.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم/ فەرهەنگ بە زمانی کوردی:**

- بەیاتلي، قاسم (2013)، مفاهيم و مصطلحات مسرحية،(دهوك: پاريزگەها دهوك).

- سوبحان، کامەران ( 2004)، فەرهەنگی شانۆیی، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەریمی کوردستان، چاپخانە: تیشك، سليمانی.

- شەریفی، فەرشید (2007 )، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتیەکان، چاپی یەکەم, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی.

- قەرەداغی، حەمە ڕەشید ( 2012 )، فەرهەنگی ئازادی (ئینگلیزی– کوردی)، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و نەشری احسان, چاپخانەی اسودە.

**دووەم/ فەرهەنگ بە زمانی عەرەبی:**

- مسعود، جبران (1992)،الرائد، معجم لغوي عصري، ط7، دارالعلم للملايين, بيروت.
- إلياس، ماري، حسن، حنان قصاب (1997)، المعجم المسرحي مفاهيم و مصطلحات المسرح و فنون العرض، ط1، مكتبة لبنان ناشرون, بيروت.
-عمر، آحمد مختار (2008)، معجم اللغة العربية المعاصرة، ج الاول، ط1، عالم الكتب, القاهرة.

**سييەم/ فەرهەنگ بە زمانی ئنگليزی:**

Pavis, Patrice, (1998), Dictionary of the Theater: Terms, concepts and Analysis, Translated by chistine shantz( Toronto: university of Toronto press ).

**چوارەم/ كتێب بە زمانی كوردی:**

- جاف، فازل (2013)، فيزيای جەستە مييرهولّد و شانۆی جوولّە و ريتم، چاپی يەكەم، وەرگێڕانی كامەران سوبحان، عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی .
- جاف، فازل (2003)، ئەزموونی شانۆی مايرهۆڵد, وەرگێڕانی كامەران سوبحان، عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی .
- صديق، ديارمحمد، صالح، سەركۆمحمد (2020)، بايۆميكانيك، بەرگی يەكەم،(چاپخانەی پيرميرد، سليمانی).
- قادر، نيهاد ايوب، غە فور، توانا وە هبی ( 2019)، بايۆميكانيك لە پەروەردەی جەستەيی و زانستی وەرزشدا، چاپ يەكەم، چاپخانەی پيرە ميرد، سليمانی.

**پێنجەم/ كتێب بە زمانی عەرەبی:**

-الصميدي، لؤى غانم (1987)، البايوميكانيك والرياضية، دار الكتاب للطباعة والنشر, الموصل .
-الصميدي، الامام، رشيد، لؤى غانم، بسام محمود، سعداللهعباس( 2011)الفيزياء و البايوميكانيك في الرياضية، جامعة صلاح الدين, اربيل .
-الاسدي، عبدالكريم خزعل( 2017) ،البيوميكانيكا واثرها في تطوير الاداء التمثيلى للممثل المسرحي, ط 1، آفكار للدراسات و النشر التوزيع, دمشق .
-الخالدي، محمد جاسم محمد( 2012)، البايوميكانيك في التربية البدنية والرياضية, ط1، جامعة الكوفة, الكوفة .
-الطالب، نزار( 1976)، المدخل الى علم البايوميكانيك تحليل الحركات الرياضية، بغداد.
-أرميا، اكرم وليم (2016)، علامات الأداء التمثيلي في العرض المسرحي، الطبعة الاولي، دارالفنون والأداب للطباعة والنشر, البصرة.
-السامرائي، فؤاد توفيق ( 1988 )، البايوميكانيك، طبع بمطابع دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل.
- الكاشف، مدحت (2019)، اكتشاف الممثل، ط١، الهيئة المصرية العامة للكتاب, القاهرة .
- باربا، وسافاريزي ، ايوجينيو، نيكولا(2011) أسرار فن الممثل، ط1، تر. قاسم بياتلي، دار النشر ميراكول, البحرين.
- بليزأيتون، كاترين (1997)، مسرح ميرخولد و بريخت، تر. فايزقزق، منشورات وزاره الثقافة, دمشق .
-جابر، آمال(2008)، مبادئ الميكانيكا الحيوية وتطبيقاتها في المجال الرياضي ،ط١،دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر الاسكندرية.
-حسين، محمود، قاسم حسن، آيمان شاكر( 1998 )، مبآدي الاسس الميكانيكية للحركات الرياصية، ط ، دار الفر للطباعة والنشر والتوزيع, عمان .
-حسن، سليمان علي(1983) ، المدخل الى التدريب الرياضي، دار الكتاب للطباعة والنشر, الموصل .

-حمزة، مؤيد(2021)، المسرح الشرطي: مايرهولد وسراللعبة، ط١، مركز آنانا للابحاث والدراسات و الترجمة, البصرة.
-شلش، نجاح مهدي ( 2010)، بايوميكانيكية الآداء الرياضي،ط 1، دار الضياء للطباعة والتصميم, النجف الآشرف .
-عبود، عبدالكريم( 2014)، الحركة على المسرح بين الدلالات النظرية والرؤيا التطبيقية ،ط1، دار الفنون والاداب للطباعة والنشر والتوزيع, البصرة.
-عبدالله، بدوي، عصام الدين متولي، بدوي عبدالعال( 2007 ) ،علم الحركة والميكانيكا الحيوية بين النظرية والتطبق ط1،:دار الوفاء لدينا للطباعة والنشر, الاسكندرية .
-عبدالحميد، كمال، حسانين، محمد بحي (1997)، أسس التدريب الرياضي، ط1،دار الفكر العربي, القاهرة .
-ف،أ، فيربيتسكايا (1995)، حركة الممثل على خشبة المسرح ،ج1, المجلس الآعلى للآثار، أكاديمة الفنون, القاهرة .
- مايرهولد، فيزفولد (2011)،محاضرات مايرهولد في الاخراج 1918- 1919، ط1، تر: مؤيد حمزة، الهيئة العربية للمسرح, الشارقة.
- مايرخولد، فسيفولود (1979)، في الفن المسرحي، ج2،ط1، تر. شريف شاكر، دار الفارابي, بيروت.
-محجوب ، وجيه(1990)، التحيل الحركي الفيزياوى والفسلجى للحركات الرياضية, بغداد .
-محجوب، وجبه( 2001B)، نظريات التعلم والتطور الحركي، ط1، دار و آمل للنشر, عمان.
-يوسف، عقيل مهدى (1988)، نظريات في فن التمثيل، دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل, الموصل.

**شەشەم/ كتێب بە زمانی ئینگلیزی :**

-Braun, Edward (1988), Meyerhold A Revolution in Theatre, 3rd edition (London:Methuen Drama).
- Braun, Edward(1987), the director And The stage reprinted (London: Methuen
-Braun, Edward (2016), Meyerhold ON Theatre, fourth edition, (London: Bloomsbury).London)
- Baldwin, Jane (1995), Meyehold׳s Theatrical Biomechanics: Ah Acting Techhique for Today, Theater TOPics, volume5, Number2, September.
- Bartlett, Roger,2007, Introdution to sports Biomechanics second edition, (New York: Routiledge)
-Hodge, Alison (2001), Twentieth Century Actor Training, 1st, published, London:Routledge).
- Marjorie L, Hoover, (1974), Meyerhold The Art of conscious Theatre (Amherst: university of Massachusetts press).
- Knudson, Duane,2007, Fundamentals of Biomechanics, second Edition, (California state university)
-Leach, Robert(2005) Revolutionary Theatre, First published(New York: Routledge)
- Leach, Robert( 2004), Makers of modern theatre Ah introduction, first published, London: Routledge).,-
- Law, Gordon, Alma, Mel (1996), Meyerhold Eisenstein and Biomechanics Actor Training in Revolutionary Russia,( North caroliona: Jefferson publishers) .
- Levy, Jerrod H., 2010, Biomechanics Principies, Trends and Application,( Newyork: Nova science publishers, Inc.)
- Paavolainen,Teemu (2012) Theatre\Ecology\cognition, First published,(New York:Martins pressLLC)
- potter, Nicole( 2002), Movement for Actors( New York: All wortn press).

-Pitches, Jonathan, (2003), Vsevolod Meyerhold,1st published,(London:Taylor& Francis croup).
- Skinner, Amy (2015), Meyerhold and the cubists: pesrpectives on paniting and performance, first published, ( Chicago: the university of Chicago press ).
- Watkins, James,2018, Laborotory And Field Eield Exercises in sport and Exercise Biomechanics, First published,(New York: Routledge)

**حەوتەم/ کتێب بە زمانی ڕووسی:**

- Полищук ,Вера, 2010 актерскогоК мастерства. ВСЕВОЛОД МЕЙЕРХОЛЬД, (Москва: Litres)

**هەشتەم/ کتێب بە زمانی فەڕەنسی:**

- Vallin- Béatric picon (2017), Meyerhold le cocu magnifique, translated, mathlide Bardon (paris: Actualites, livers).

**نۆیەم / نامەی ماستەر و دکتۆرا:**

- محمد، بوزيدي (2014)، تعليمية فن التمثيل في المسرح الجزائري على ضوء و منهج مايرهولد، أطروحة دكتوراه غير منشورة, مقدمة الى مجلس قسم الفنون الدرامية في كلية الأداب واللغات والفنون، جامعة وهران.

دەیەم/ ماڵپەرەکان:

https://ru.wikipedia.org/wiki/Этюд_(театр
https://rgali-ru.translate.goog/?_x_tr_sl=auto&_x_tr_tl=en&_x_tr_hl=en-GB
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Giovanni_Grasso
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Erast_Garin
https://mxat.ru/history/persons/bebutov/
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Charles_Dullin
https://prabook.com/web/mobile/#!profile/3717933
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Benoît-Constant_Coquelin
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Vladimir_Bekhterev
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Aleksei_Gastev
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Ivan_Pavlov
https://en.m.wikipedia.org/wiki/William_James
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Sergei_Eisenstein
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Frederick_Winslow_Taylor

**- یازدەیەم/ وۆرکشۆپ:**

- جاف، فازل، 1999، وۆرکشوپ، ناونیشانی وۆرکشوپ: چەند نمونەیەک لە ڕاهێنانەکانی مایرهوڵد، شوێن: هۆڵی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولیر.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ملخص

لجسد الممثل خاصية ميكانيكية، ونظام ديناميكي معقد، وكل جزء من أجزاء جسده يسمح بحركات ذات خاصية تتفق مع طبيعة المفصل الذي تتم فيه الحركة، من أجل تحويل العمليات الأدائية للممثل الى درجة من الوعي، لتحقيق أكمل أداء ، و يجب أن نعلم أنّ جسد الممثل يعتمد على القانون الميكانيكي لحركة جسده ، لذلك يجب على الممثل البحث عن أيّ حركة في جسده لكي يتمكن من ضمان و تحقيق التعاون و الإنسجام للوصول إلى ديناميكة الجسد الذي يجب تواجده في جميع أقسام جسده عند أيّ حركة للجسد ،أي يجب إظهار كلّ الواجبات في البداية و النهاية على نحوٍ واضح .كلّ هذه الأعمال تتحقق بالاعتماد على مجموعة من الإيتودات البيوميكانكية ل( مييرهولد) المبتكرة عن طريق تقوية قابلية المفاصل و السيطرة عليها لانسيابية الحركة التي تعتمد على التنسيق والتوافق العالي، وذلك لإرساء قواعد جميع المهارات الأساسية للممثل، حتى يصبح جسد الممثل مستجيباً للحركات المسرحية، بمرونةٍ عالية.

# Body Dynamics and Movement of the Actor in Theatre Performance

**Jwan Bhaldin Muhamad Raoof**

Department of Cinama and Theater, College of Fine Arts, Salahadin Universtiy, Erbil, Kurdistan Regin, Iraq

Jwanbahadin7@gmail.com

**Kifee Ahmad Abdulqadr**

Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Regin, Iraq

Kaify.ahmad@koyauniversity.org

**Keywords:** *Dynamic, Gestus, Biomechanic, Etude, Training*

## Abstract

The body of actor mechanical property, and a system dynamic complex, and every part of his body allows movements of property spend with the nature of the joint one who made the motion, in order to transform the performing operations representative to the degree of conscious, to achieve complete performance, we should know that the body of the actor depends on the law the mechanical movement of the body of Representative, therefore must Representative look for any movement in his body so that he could ensure and achieve cooperation and harmony to reach the dynamics of the body that must presence in all parts of the body, when

any movement of the body which must show all duties at the beginning and the end is the author of all this work achieved by relying on a set of biomechanic's Etudes by(Meyerhold) innovative by strengthening the viability of the joints and control it by the traffic flow, which depends on the coordination and higher harmonic, so as to establish the rules of all the basic skills of the representative, until it becomes the body of responsive actor movements play, high flexibility.